

## عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:

## ئەوەندە هونەرم لەلا خۆشەویست بوو، وام دەزانی دنیا تەنیا ڕەسم کردنە.. کە لە کۆلێژیش دەمخوێند هەندێ مامۆستا پێیان دەگوتم تۆ لە ئێمە باشتری.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٥)**

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، یەکێکە لە هونەرمەندە داهێن و هەڵکەوتووەکانی کورد، هونەرمەندێکی زۆر تایبەت و دەگمەنە کە بۆ هونەری شێوەکاریی کوردی مایەی شانازییە. ئەو هونەرمەندە کە جێدەستی بەسەر هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندێکی عاشقە هونەرە، هونەر بەناو مۆخ و دەمار و ئێسقانەکانیدا ڕۆچووە، بۆیە لە ناو شێوەکارانی کورد بە ئاسانی ون نابێ. ئەو جگە لەوەی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا کەسێکی لێهاتوو و دەسڕەنگینە، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی دەوڵەمەندیشە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو هونەرمەندە زۆر لەناو هونەرەکەی خۆیدا قووڵ بووەتەوە، لە هەموو ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی دنیا شارەزایە و بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە سەبارەت بە هونەرمەندانی جیهان و هونەرەکەشیان قسەی خۆی هەیە، هەموو کاتەکانی ژیانی خۆی بۆ هونەرەکەی و کارکردنی بەردەوام تەرخان کردووە، بۆیە ئەم هونەرە باڵا و ئاستە بەرزەی پێی گەییوە، بەرهەمی عیشق و خولیایەکی سەرشێتانەیە، بە دیار هونەرەکەیەوە شەونخوونی کردووە و بێ هەدادان کاری کردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەشی بەرئەنجامی متمانە بەخۆبوون و ئەزموونێکی قووڵە کە هەروا بە ئاسانی بە دەستی نەهێناوە، بەڵکوو بەری ڕەنجی هەموو تەمەنیەتی، ئەوەتا خۆی دەڵێ: (هونەر کەمێکت ناداتێ، تاکوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر منداڵییەوە حەز و خولیای هونەر لەسەری داوە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاک و خۆڵی وڵاتەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەرستەیەی لەبەردەستیدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بکا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم کارانەی، دایک و باوکی ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەڵام لەناو کەسوکاریدا هەبوون بە کارەکانی ئەو سەخڵەت دەبوون و بە دروست کردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان کردووە دەست لەو کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، کۆڵی نەداوە و لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی کردووە. لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکانی، وێنەکانی ئەویان وەک هۆیەلی ڕوونکردنەوە بۆ پۆلی یەک و ئەلفبێکەی باڵدار بەکار هێناوە. هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، خەونەکانی زۆرن، هەمیشە چاوی لە پێشخستنی هونەرەکەی و پێشکەوتنی زیاتر بووە، چونکە لەو هونەرمەندانەیە کە سەرومڕ ژیانی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردووە، خولیا هونەرییەکەی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکە، تەنانەت خۆشییەکانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێکدا، هەر کوێ بووبێ کاری کردووە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی هونەرەکەی شەو و ڕۆژی لێک داوە، تا ئێستا من زۆر کەم ڕێکەوتی کەسێکم کردووە وەک ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەکەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەکەی کردبێ. ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر


عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان کردووە و هەموو کاتەکانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە دەبینین هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر کردووە، چونکە هەست دەکا تا ئێستا ئەوەی کردوویەتی لە ئاستی خەون و ئاواتەکانیدا نییە، لۆرکا دەڵێ جارێ شیعرێکم نەنووسیوە وەک شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەوەیش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە کەفوکوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەکەی بۆ میللەتەکەی تەرخان کردووە و لە تراژیدیاکانی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە بە ڕەنگ و تەکنیک و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ کردووە. لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکاندا، دڕۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەکردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە نوێخوازە، ئەزموونگەرانە بەردەوام هەوڵی بۆ نوێخوازی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و دنیابینی و دەربڕینەکانی ڕاستگۆ بووە، بیکاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەک منداڵێکی حەوت ساڵان وێنە بکێشم،

ئەم هونەرمەندەش هەوڵی داوە ئەو منداڵەی لە ناخیدایە، وەک خۆی بمێنێ و گەورە نەبێ. ئەو کە لە جیهانێکی ئاڵۆزدا دەژی، بەدوای ژیانێکی هێمن و ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێ، بۆیە لە تابلۆکانیدا زۆر بە وردی کاری کردووە، بە لێکۆڵینەوەی زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو ناخی مرۆڤەکانەوە و خەمە سەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێزی و نامۆ بوون و تەنیایی و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و وردبوونەوە و ڕامان لە ئایندەی کردووە بە تابلۆ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ زۆر بە خاک و خەڵک و وڵاتی خۆیەوە نووساوە، هەر لەو ڕۆژەوە کە وەک کەرستەیەک مامەڵەی لەگەڵ خۆڵ و قوڕ کردووە و کەوتووەتە دروستکردنی باڵندە و ئاژەڵ، پێوەندییەکی گیانی بە گیانی بەهێزی لەگەڵ خاک و خۆڵی نیشتمانەکەیدا پەیدا کردووە، بەو هۆیەشەوە بە خاکەکەیەوە بەستراوەتەوە و سەمەندەرئاسا لە پێناویدا سووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو پێوەندییە گیانی بە گیانییە لەلای پتەوتر و بەهێزتر بووە، چونکە پێوەندی بە خاک و خۆڵەوە تەنیا بەشێک لە یادەوەری و ڕابوردوو نەبووە، بگرە لەگەڵی ژیاوە و گەورە بووە و لەلای ماوەتەوە، تەنانەت بووەتە ڕەگەزێک لە ڕەگەزە گرنگ و جەوهەرییەکانی کارەکانی، چونکە بەشێکی زیندووە لە ویژدان و جیهانبینی هونەریی ئەو، کە بەبێ ئەو ئامادە بوونە، هەستی بە تێکچوونی هاوسەنگی خۆی کردووە، ئەو لە هەر کوێ بووبێ، نیشتمانی بە کۆڵیدا داوە و لە یادەوەری و ویژدانیدا هەڵی گرتووە و لێی دانەبڕاوە و هەرگیز لەلای کاڵ نەبووەتەوە.

* لە پاڵ کاری بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی هونەرێکی جیاواز، وەک پەروەردەکارێکیش لە ساڵی ١٩٧٩ — ١٩٨٠ـەوە یەکەم جار لە شەقڵاوە کە سەرەتای دامەزرانەکەی لەوێوە دەستی پێ کردووە، دەبێتە مامۆستای هونەر، پاشان بەهۆی ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای هەبووە، دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دواتر وەک سەرۆکی لقی ڕەسم و مامۆستا لەو پەیمانگەیەدا، ساڵی ١٩٨٠ — ١٩٨٦/٦/٢٨ دەست بەکار بووە. لە بریتانیاش لە ١٩٩٦ — ١٩٩٧ بڕوانامەی وانەبێژی وەرگرتووە، وانەی بە قوتابیانی کۆلێژی هونەری ئەوێ وتووەتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر دامەزراوە، تا ڕۆژی خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠١٥، لە کاری پەروەردەیی خۆی بەردەوام بووە، لە هەموو ئەو جێیانەدا بە دەیان و سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو هونەریان خوێندووە و خۆشویستووە و لەبن دەستی دەرچوون.

* لەبەر سادەیی و ساکاریی و خاکێتی خۆی، لەناو ناوەندەکانی خوێندنی هونەری و لە ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسێکی شیرین و خۆشەویستە، تا ئێستاش کە خانەنشین بووە قوتابییەکانی زۆریان خۆش دەوێ و ڕێز لە خۆی و هونەرەکەی دەگرن، ڕێزەکە لەلایەک هی کەسێتی پاک و سەنگین و ڕاستگۆیانەی ئەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەروبەرەکەی، لەلایەکیش ڕێز گرتنە لە ئاستی هونەرە بەرزەکەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و بەردەوام کاری نوێ و نوێخوازانەی خۆی پێشکەش کردووە و پێشکەش دەکات. ئەم هونەرمەندە دانسقەیە دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، نەخۆی و نە هونەرەکەی بە هیچ هونەرمەندێکی دیکە ناچن کە من لە ژیانمدا دیومن و ناسیومن، ئەو کەسێکی زۆر

هەست ناسک و هەستیارە، لەو کاتانەی من بە گەرموگوڕی گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، لە زۆر هەڵوێست و گێڕانەوە و قسە و باسدا، بەبێ ویستی خۆی فرمێسک دەزایە چاوەکانی. ئەو هونەرمەندە کە ماسییەکی گەورەیە لە ئاوێکی بچووکدا، تا ئەمڕۆ کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ کار کردنی بێ پسانەوە، بەپێی پێویست نرخی نەزانراوە کە ئەوە چ گەوهەرێکە لەناو هونەری کوردیدا هەڵکەوتووە، زۆر کەم لەسەر کار و بەرهەمەکانی نووسراوە، یان زۆر سەرپێی و کورت و ڕووکەشانە دیمانەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت ژیاننامەکەشی کە لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەر جێیەک بە جۆرێکە و لە یەکدی جیاوازن.

* ڕاستییەکەی وەرنەگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆی بەخێر گەڕا، ئەو لەسەردانی بۆ بەغدا، لەبەر تەواونەبوونی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە هەولێر و بچێتە ئامادەیی بخوێنێ، لەوێ زۆر بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕیوە. لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیا، بەهۆی ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ خۆی بردوونی و کاری دیکەی کە بە سەرکەوتوویی لەپێش چاوی مامۆستاکانی کردووە نمرەی یەکەمی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنەکەی تەشقەڵەی پشتگیری ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژێمی لێ دەکەن، بەڵام ئاستە بەرزە هونەرییەکەی سەرنجی مامۆستایانی لیژنەی وەرگرتن ڕادەکێشێ، هەر ئەوەش فریای کەوتووە و لەو چوار ساڵەی خوێندنیشدا قوتابییەکی سەرنجڕاکێش و لە هونەردا تایبەتمەند بووە، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە یەکەمی بەشەکەیان دەردەچێ. لە خوێندنی ساڵەکانی ئەکادیمیا زۆر چالاک بووە، لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی بەشداری لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا کردووە، پێشانگەیەکی تایبەتیشی بۆ هێڵکارییەکانی خۆی کردووەتەوە کە نزیکەی (٤٠٠) هێڵکاری بوون و لە هۆڵی ئەکادیمیادا نمایش کراون.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر گێڕاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە سلێمانی، چونکە کردنەوەی پەیمانگە خەونی ئەو و سەدان هونەرمەندی کوردی هەموو بوارەکانی هونەر بوو، دوای (٦) ساڵ خزمەت کردن، دیسانەوە تەشقەڵەی پێ دەکەن و هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرن، ئەو سەردەمە گوشار لەسەر هەموو هونەرمەندانی کورد هەبوو، ئەویش گوشاری زۆری لەسەر بوو، وەک هەموو هونەرمەندەکانی سلێمانی ڕژێم هەڵیانی دەپێچا و تەنگاویانی دەکرد، دەیویست بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە لێ دەکردن وێنەی دیکتاتۆر بکێشن، لەو کاتەدا کە ئەوان داوا و داخوازییان لێی زۆر دەبێ، شەڕی (عێراق — ئێران)یش بووە، ئیتر بیر لە جێهشتنی وڵات دەکاتەوە و بەرەو ئێران، دواتر سوریا، دوایی بۆ بریتانیا دەڕوات.

* لە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکەی (١٧) ساڵ لە لەندەن دەگیرسێتەوە، کە گەیشتووەتە ئەوێ بە هونەر و داهێنان و ڕێبازەکانی بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپا ئاشنا دەبێ. زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە ئەو چووەتە بریتانیا بۆچی ماستەرێک، دوکتۆرایەکی وەرنەگرتووە؟ ئەو دەڵێ لەبەر ناشارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی و دەستکورتی نەیتوانیوە

خۆی بۆ خوێندنی باڵا تەرخان بکات، زۆرجاریش پێیان گوتووە تۆ کە هونەرێکی ئاست بەرز و جوانت هەیە، ماستەرت بۆ چییە و بۆچی دەخوێنی؟ دیارە ئەویش ئەو قسەیەی دەوروبەرەکەی لە گوێ گرتووە و نەیخوێندووە، لە جیاتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، بە گەرمی سەرقاڵی ئیشی خۆی دەبێ و هێڵکاری و مۆتیڤی زۆری کردووە، کە هونەری هێڵکاری بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی هونەری وێنەکێشان دادەنرێ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ کە زۆر زوو دەستی داوەتە کاری هونەری، قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی کردووەتە پێشانگەی تایبەتی، یان لە پێشانگەی هاوبەشدا لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی بەشداری کردووە، کە ساڵی ١٩٧٥ – ١٩٧٦ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا وەردەگیرێ، ئەم خوێندنە بۆی دەبێتە وەرچەرخانێک و سەرلەبەری ژیانی هونەری دەگۆڕێ. هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، زۆر پێشانگەی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووەتەوە، کە (٦) دانەیان پێشانگەی تایبەتی و (١٤) دانەیان پێشانگەی هاوبەشن، لەو شارانەی پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشی کردووەتەوە ئەمانەن: بەغدا، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کۆیە، کفری، مووسڵ، سوریا، لەندەن.

* لەگەڵ ئەو بەخششە زۆرەی هەیبووە، ئەو داهێنانانەی لە کارەکانیدا کردوونی، ئەزموونێکی دەوڵەمەند و نوێ و بە بژوێن پێشکەش دەکات، لە کاتێکدا هونەرەکەی کردووەتە مەسەلەیەکی زیندوو لە ژیانی خۆیدا، وەلێ کەمتر وەک هونەرمەندێکی گەورە و دڵسۆزی هونەر و داهێنان دەناسرێ، زۆر بە دەگمەن بەسەر کراوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە. زەینم دایتێ

هەموو ئەوانەی لە کایەی ئەدەبیات و هونەری کوردیدا ڕێزی خۆیان دەگرن، ڕێز لە داهێنان و هونەرەکەیان دەگرن، ئیش بۆ خۆیان ناکەن و ڕیکلام بۆ کارەکانیان ڕەت دەکەنەوە، بۆیە کەمتر ڕووناکییان دەخرێتە سەر. من لەمێژە ئەو هونەرمەندە، چ وەک خۆی و چ ئاشنابوون بە هونەرەکەی دەناسم، کە ساڵی ١٩٨٠ هاتە سلێمانی و وەک مامۆستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەست بەکار بوو، من و شێرزاد حەسەن دوو ساڵ زیاتر بوو لەوێ بووین، بۆیە کە لە سلێمانی گیرسایەوە، زوو زوو یەکترمان دەبینی، هەندێ ئێوارە پیاسەیەکمان دەکرد. لەوەتەی دەیناسم و دیومە هەر بە پیاوێکی جیددی ناسیومە، قەت حەزی بە ڕیاکاری و موجامەلەی درۆ نەکردووە، لەلای هەموو کەس بە مرۆڤێکی ڕاستگۆ ناسراوە، هونەرەکەی خۆی تا ڕادەی عیشق و تا سەر ئێسکان خۆشویستووە، پیاوێکی بە هەڵوێستە، مێژوویەکی گەش و جوان و پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمار کردووە، تابلۆکانی لە واقیعی وڵات و میللەت و سروشتە جوانەکەی هەڵێنجاوە، زۆر سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی میللەتەکەی وەرگرتووە، بەڵام بە زەقی لە کارەکانیدا داینەناون، زیاتر وەک هێما و ڕەمز بەکاری هێناون. (١٩) ساڵ بوو بە تەمای ئەو گفتوگۆیە بووین، دواجار بە چەند مانگێک و چەندان دانیشتنی دوورودرێژ هەڤپەیڤینەکەمان ساز کرد، بڕیارمان دا چەند بەشێکی لێ بڵاو بکەینەوە و ئەوی دیکەی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ دەکەین.. فەرموون ئێوە و جیهانە تایبەت و پاکەکەی هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** دەمێکە بەنیاز بووین گفتوگۆیەکی بەرفراوان و تێروتەسەلی لەگەڵ ساز بکەین، دوای تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر لە چاوەڕوانی، ئەمڕۆ ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ هونەرمەند م. عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هاتە دی.. لە پێشەوە بۆ ئەم گفتوگۆیە زۆر بەخێر بێن، بە سازدانی ئەو هەڤپەیڤینە خۆشحاڵ بووم، پێم خۆشە گێڕانەوە و باسەکانمان لە سەرەتاوە وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو بهێنین، ئێمە ئەوەمان کردووە بە نەریت، لەگەڵ هەر کەسێک گفتوگۆمان کردبێ، سەرەتا باسێکی ژینگەی خێزانیی ئەو کەسە دەکەین، بۆیە دەمانەوێ بزانین ئەو ژینگەیەی تۆی تێدا پەروەردە بووی و چاوت تێدا هەڵێنا چۆن بووە، ئایا لەناو ئەو ژینگەیەدا کەسێک لەناو بنەماڵەکەتان هەبووە، باوکت، براکانت، خاڵەکانت، مامەکانت، ئامۆزا، پوورزا، خاڵۆزا، یان لە کەسانی دەوروبەرتان، گەڕەکەکەتان، حەزیان لە هونەر بووبێ، تۆش وەک منداڵێک کە فامت کردووەتەوە، ئەوانەت بینیبێ خەریکی هونەرن و کەوتبێتییە ژێر کاریگەری یەکێکیانەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێشەکی زۆر سپاست دەکەم بۆ ئەو چاوپێکەوتنانە، بەڕاستی پشوویەکی درێژت هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو کە لە دەرەوەی وڵات گەڕامەوە، بەبیرم دێ هاتمە ئۆفیسی ڕامان، ئەو کاتە شوێنەکەتان لە بینایەکەی تەنیشت سینەما سەلاحەددین بوو، هەنگین باسی چاوپێکەوتنمان کرد، منیش لەو کاتەوە هەر دوام دەخست، جارێکیان زامدار گوتی سەیرە تۆ هیچ قسە ناکەی، ئێمە دەمانەوێ هەندێک قسەت پێ بکەین. منیش هەموو جار دەمگوت باشە، بەڵام هەر دوام دەخست، بەم شێوەیە تا ئێستامان هێنا، ئەوە ئێستا دوای نۆزدە ساڵ گفتوگۆکەمان دەکەین.

**ڕامان:** زۆر ڕاستە، جا بەجاریش دەتگوت باشە، بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر خۆت لێ دەدزییەوە، زۆرم پێ خۆشە کە ئێستا دەست پێ دەکەین.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من ساڵی ١٩٥٢، لە گەڕەکی تەیراوا لە دایک بووم، لە لای ئەو مزگەوتەی ئێستا پێی دەڵێن مستەوفی، ئەو کاتی پێیان دەگوت مزگەوتی شێخ مەلا ڕەشید، ئێمە ماڵمان ڕێک بەرانبەر مزگەوتەکە بوو، هەرچەند بینایەکە دیوارەکەی گۆڕاوە، بەڵام ئێستاش زۆر بەو کۆڵانەدا تێدەپەڕم. کە لەدایک بووم کوڕی گەورەی ئەو بینایە بووم، بابم کە ناوی مام ڕەسووڵ بوو، ئەو کاتە لەوانەیە تەمەنم چار پێنج ساڵان بووبێ، هێشتا زۆر دوور بوو بچمە قوتابخانە.

**ڕامان:** پێم وایە لەو تەمەنەوە مەیلێکی هونەرت هەبووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بۆ دروستکردنی شتی وەک ئاژەڵ و پەلەوەر و باڵندە، لە ماڵ وەک منداڵ، هەر لە خۆمەوە قوڕم بەکار دەهێنا، ئەو کاتانە خۆڵ زۆر بوو، هەر ئەو کەرستەیەشمان لەبەر دەست بوو، باپیریشم پێیان گوتووە مەولوود خۆڵفرۆش، چونکە لە کۆنەوە بە خۆڵفرۆشییەوە خەریک بوو.

**ڕامان:** خەڵکی ئەو خۆڵەیان بە پارە دەکڕی، بۆ چی بەکاریان دەهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتە خەڵک خانووی بە خۆڵ دروست دەکرد، ئەو زەمانە خانوو هەمووی گڵ بوو، یان ئەوەتا خانوو خشت-کەرپووچ بوو.

**ڕامان:** ئەدی ئەو قوڕەی کایان تێدەکرد و دەیانشێلا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو جۆرە قوڕە تەنیا بۆ سواغدانی سەربانان بەکار دەهات، هەندێ جار دیوار بە کەرپووچ و قوڕ دەکرا، چیمەنتۆ

و شتی وا کەم بوو، خۆڵ زۆر بوو، خەڵک ئەوەندە پارەی نەبوو.

**ڕامان:** باپیرت و ئەوانی دی لە کوێ خۆڵەکەیان دەهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە ڕێگای بەحرکە، دەچوونە چۆڵەوانییەکان، کۆن کۆنیش لە گڵکەند خۆڵ هاتووە.

**ڕامان:** بێگومان خۆڵی ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەک جیاوازە، هەیە خۆڵەکەی باشترە، گڵی سوور لە باشەکانە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ناوچە هەیە خۆڵەکەی باشترە، بەڵام ئەو کاتی شتی وا نەبوو، بڵێی کەرستە هەبێ، گرنگ ئەوە بوو خۆڵی سەر بەرد نەبێ، دڕ نەبێ، خۆڵێکی نەرم پێی دەڵێن خۆڵەسوورە کە نەرمە، زوو یەک دەگرێ. بە منداڵی زۆر دەچووینە ڕێگای بەحرکە، چونکە ئەو ناوە چۆڵەوانی بوو، هەندێک ماڵ هەبوون خانوویان دەکرد، هەر لە دەورووپشتی خۆیان خۆڵیان دەردەهێنا، بۆخۆیان خشتەکەیان دروست دەکرد.

**ڕامان:** باپیرت کە خۆڵفرۆش بووە، دووکانی هەبوو، یان چۆن چۆنی خۆڵەکەی دەفرۆشت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، باپیرم وەستایی دەکرد، هەرچەندە وەستایەکی واش نەبوو.

**ڕامان:** تۆ دەڵێی خۆڵی دەفرۆشت، چۆنی دەفرۆشت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، پێشتر بە خۆڵفرۆشتن بەناوبانگ بووە.

**ڕامان:** دووکانی نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، دووکانی نەبووە.

**ڕامان:** هەر دەچوو لەو دەشتودەرە خۆڵی بۆ خەڵکی دەهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئاخر پێکاب و



**هەولێر، ٣٠/ ٤/ ١٩٧٢، لە ڕاستەوە: عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، قەرەنی جەمیل، کەمال عەلی.**

گەلابە و شتی وا نەبووە، وڵاغیان هەبوو، بە گوێدرێژ دەیانهێنا، یەکێک دەهات و دەیگوت دوو شەڵتە خۆڵم پێویستە، یان ئەوەندە شەڵتەیەمان بۆ بێنە، دیارە باپیرم بەوە ناسراوە، ئیشی دیواری هەندێک ماڵانی دەکرد، ئیشی خۆشمان، هەموو جارێ بۆخۆی دەیکرد.

**ڕامان:** دیارە بێجگە لە خۆڵفرۆشییەکەی نیمچە وەستایەکیش بووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئا، وەستا بووە، بەڵام وەستایەکی زۆر شارەزا نەبووە.

**ڕامان:** بابت لە ئیشەکانی چووەتەوە سەر باپیرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ناوەڵڵا.

**ڕامان:** ئەدی ئیشی بابت چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک لەسەر کاری خۆڵفرۆشییەکە چوو، دوایی خۆڵفرۆشییەکەی نەما، خەڵووز - ڕەژووی دەفرۆشت، دەچوو لەو گوندانەی لای مەسیف و بەحرکە و سەرکەند و دوڕەمیر و ئەوانە خەڵوزی دەهێنا، هەنگێ منداڵ بووم، نەمدەزانی ئەو ناوانە چین و هەر ناویانم گوێ لێ دەبوو، بۆ دووکان و خواردنگە و ماڵان دەیهێنا و دەیفرۆشتەوە.

**ڕامان:** ئەوان خەڵووزەکەیان دروست دەکرد،

باوکت لێیانی دەکڕییەوە، یان بە خۆیشی خەڵووزی دروست دەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو شتانەی نەدەزانی، وەک هاوڕێیەتی دەچوو شەوێ لەلایان دەمایەوە، دوایی ڕەژووەکەی دەکڕی و دەیهێناوە.

**رامان:** کەواتە لە ڕووی هونەرییەوە تەنیا چاکەیەکی باپیرت، یان بابت لەسەر تۆ، هەر ئەوە بووە کە ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ خۆڵ کردووە، خۆڵیش وەک کەرستەیەک قوڕی لێ ئامادە کراوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لەوانەیە ئەو خۆڵەش کاری لە من کردبێ، زۆر جار هەبووە شتی منداڵان و ئەوانەم پێ دروست دەکرد، هەر لە خۆمەوە بەبێ ئەوەی بزانم بۆ دروستی دەکەم، وەک منداڵێک خۆم پێوە خەریک کردبوو، ئیتر حەزم دەکرد ئەو شتانە بکەم.

**رامان:** باشە، کە نەختێ گەورەتر بووی و زیاتر چاوت کرایەوە، کەرستە و شێوازی ئیش کردنت نەگۆڕا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە تۆزێک گەورەتر بووم، سەردەمێک مامم گیرا، لە زیندان بوو، زیندانییش خۆی بە ڕەسم، یان بە شیعرنووسین و شتی واوە خەریک دەکات، هەندێ جار کە کەسوکارمان دەچوونە زیندان، لەگەڵ خۆیان کارتۆنیان دەهێنایەوە، دەمدیت کارتۆنەکە ڕەسم بوو، مامۆژنم و داپیرم و ئەوانە دەیانزانی من حەزم لە ڕەسم و شتی وایە، یان حەزم لێیە بەو شتانەوە خەریک بم، کارتۆنەکەیان دەهێنا بە منیان نیشان دەدا، دەیانگوت ئەها ئەوە لە زیندان کردوویانە.

**رامان:** مامت، ئەوەی کە زیندانی بوو، ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** شێخ محەمەد مەولوود، ئەو مامەم بەڕەسمی ناوی محەمەدە، بەڵام خەڵکی پێی دەڵێن شێخ محەمەد، بابیشم بەڕەسمی ناوی ڕەسووڵە.

**رامان:** دیارە ئەو مامەت زەوقێکی لەگەڵ هونەر هەبووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، کاری هونەریی نەدەکرد، من ناڵێم بەرهەمەکان ئی ئەو بوون، هەر لە زیندان دەیانهێنان، ئی خەڵکی دیکە بوون.

**رامان:** لە زیندان خەڵکی دی ئەو کارانەیان کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئی خەڵکی دیکە بوون، ئەوانەم پێ جوان بوون، هەمووی نەخشی مزگەوت و باڵندە و ئەوانە بوون، کاری واقیعیانە نەبوون، پتر نەخش بوون.

**رامان:** تۆ ئەو وێنانەت بەدڵ بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتی بەلامەوە عەنتیکە بوون، چونکە هەر ئەوەم دەدیت.

**رامان:** کارەکان بە شێوەی هێڵکاری بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ کرا بوون، کەسوکارم هەمیشە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ دەهێنامەوە، بەڵام ئەوە درەنگتر بوو، ئەوکاتە بوو کە تۆزێک گەورەتر بووم، منیش قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگم بەکار دەهێنا.

**رامان:** کە لە زیندانەوە ئەو شتانەیان بۆ دەهێنایەوە، ئەو کاتە تەمەنت چەند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەوانەیە پێنج شەش ساڵان بووبم، جارێ نەچووبوومە قوتابخانەوە.

**رامان:** لەو تەمەنەیرا دەوروبەرت زانییان کە تۆ بەهرەیەکی هونەریت هەیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەگەر قەڵەمێک هەبا، دەستم لێ دەدا، ئەو کاتە پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە، هەتا سەت فێر بووبووم بژمێرم، ئەلفبێشم دەزانی، ئەوانە لە مامم فێر

بووبووم.

**ڕامان:** ئەدی ئیش و کاری قوڕ کە حەزت لێ کردووە، ئەوە لە تەمەنی چەند ساڵییەوە دەستت پێکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتی هەر وەکوو منداڵ گەمەم بە قوڕ دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کاتە تەمەنت چەند بوو، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوە پێش ئەو وێنانە بوون کە لە زیندانەوە بۆت دەهاتن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە منداڵی بوو، هەتا بوومە شەش حەوت ساڵ و زیاتریش، ئەوجا شتی گەورەتریشم کرد، ئەو کاتە هاتمەوە ماڵی خۆمان، پێشتر لە ماڵی باپیرم بووم، ماڵی مامیشم لەگەڵ ماڵی باپیرم دەژین، بۆیە هەموو حەزیان دەکرد لەلایان بم، منیان خۆش دەویست.

**ڕامان:** ئەدی ماڵی خاڵوانت، هیچ بەهرەیەکی هونەرییان تێدا نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، خاڵم لە بازاڕی قەیسەری لبادی دروست دەکرد.

**ڕامان:** وەک شاگردێک هیچ هاوکاریت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو کارەم نەکردووە، بەڵام کە هاتمەوە، لە ماڵی خۆمان کە خانوویەکی دیکە بوو، لەلای جادەدەی دوکتۆران، پشت ئەو قوتابخانەیەی ئێستا بوویتە قوتابخانەی تەیراوە.

**ڕامان:** جادەدەی دوکتۆران، مەبەستت شەقامی پزیشکانە- شارع ئەتیبایە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، شەقامی پزیشکان، قوتابخانەیەک لەوێیە، ماڵی خۆمان لە پشت قوتابخانەکە بوو، هاتمە ماڵی دایک و بابم، لەوێ تۆزێک گەورەتر بووم، کارم لەسەر قوڕی گەورەتر دەکرد، بە قوڕ شتێکم دروست دەکرد بە ئەسپ دەچوو، برایەکی گچکەم هەبوو، دەچوو لەسەری دادەنیشت، بەڵام پێم بۆ کارەکانم نەدەکرد، کلک و پێ و شتم نەدەزانی بیکەم، هەر وەکوو حەیوان دەمکرد، دیارە حەیوانیشم زۆر دیتبوو، بەتایبەتی وڵاغم زۆر بینیبوو.

**ڕامان:** تۆ ئەو وڵاغ و ئاژەڵانەت دەردەهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەک واقیع نەبوون، بەڵام گوێ، دەم، پشتیان هەبوو.

**ڕامان:** کەمێک پێ دەچوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** منداڵ بە عەقڵی خۆی ئیش دەکات، بە هەستی ئیش ناکات، بۆ نموونە ئینسانێک، دوو چاوی خڕی بۆ دەکات دەڵێ ئەوە بابمە، لە تەنیشت سەری شتێکی بۆ دەکات دەڵێ ئەوە گوێیەتی،

**گرافیک کە پێی دەڵێن هونەری چاپ کردن، کاتێ چەند دانەیەکی لێ چاپ دەکەی، دەبێ بڵێی دە دانەم لێ چاپ کردووە، کە لەوە زیاتر بوو، نرخە هونەرییەکەی دێتە خوارێ.**

منداڵ واقیعیانە بیر ناکاتەوە، وەک سروشتی خۆی، کە عەقڵییە، یان چەمکیی پێ دەڵێن، بە زار پێی دەڵێن. منداڵ دەڵێ بابم سەری هەیە، دوو دەستی هەیە، دوو پێی هەیە، دوو شتی درێژ دەکات، دەڵێ ئەوە دوو پێیەتی، دوو قۆڵیشی بۆ دەکات، دەڵێ ئەوە دەستییەتی، بەڵام بە دەستی واقیعی ناچێت، ئیشەکە زیاتر چەمکییە، نەک وەک بینین، ئەو لە مێشکی خۆی چ هەیە، ئەوە دەکات.

**ڕامان:** تۆ لە تەمەنی چەند هەتا چەند ساڵی، لە ماڵی باپیرت مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زۆر تەمەنەکەم بەبیر نایە، وابزانم پێش چوونە قوتابخانەم بوو، دیسان گەڕامەوە ئەوێ، ئەوکاتە تۆزێک گەورەتر

بووبووم.

**ڕامان:** تۆ پێم بڵێ، هۆکار چ بوو لە ماڵی باپیرت دەمایتەوە، لە ماڵی بابت نەبووی؟


**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کوڕی گەورە بووم، بابیشم کوڕی گەورە بوو، بۆیە ئەوان منیان زۆر خۆش دەویست، هەتا کە ناوم لێ نراوە، شێخ مەلا ڕەشید ناوی لە من ناوە عەبدوڵڵا، مامم دەیگوت تۆ کە منداڵ بووی، نەک هەر منداڵ بم، دەیگوت کە لە زگی دایکمدا بووم، من ناوم لە تۆ نابوو شێرزاد، دایکم دەیگوت مامت دەهات بانگی دەکردی شێرزاد، من زۆر شەرمم دەکرد.

**ڕامان:** دوایی ناوی شێرزاد چی لێ هات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە لە دایک بووم، شێخ مەلا ڕەشید ناوی لێ نام، کە گچکە بووم، من شێخ مەلا ڕەشیدم دیتووە، ئێستاش گۆڕستانێک لای بازاڕەکەی تەیراوا هەیە، پێی دەڵێن شێخ مەلا ڕەشید، ئەو پێشان خۆی شێخ و مەلای ئەوێ بوو، ئێستا بووەتە مزگەوتی مستەوفی، شێخ گوتبووی من قورئانم کردووەتەوە، ناوی عەبدوڵڵا زۆر دێ، پێم خۆشە ناوی عەبدوڵڵا بێ، مامم دەیگوت، کە لە دایک بووی هەر دەمگوت شێرزاد، بەڵام کەس لایەنگری من نەبوو، دواجار شێخ بردییەوە، گوتی ئەوە بوو ناوت بووە عەبدوڵڵا.

**ڕامان:** ئێستا ناوەکەی خۆت پێ خۆشە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوان ناوی منیان زۆر پێ خۆشە، بەڵام من حەزم دەکرد ناوێکی کوردیم هەبایە، پاشان مامم لە تەیراوا چایخانەی دانا، ناوی نابوو چایخانەی کوردستان، منیش هێشتا لە قوتابخانە نەبووم، چووبووم لە چایخانە لەگەڵی ئیشم دەکرد، بۆیە چوومە ماڵی باپیرم، چونکە مامم لەگەڵ ماڵی باپیر دەژیا،



**بەغدا، ١٩٧٦، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان.**

ماوەیەک لەو چایخانەیە ئیشم کرد.

**ڕامان:** دیارە جارێکی دی زۆر لە ماڵی بابت نەماویتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دیسان زۆر لەوێ نەمامەوە.

**ڕامان:** هەر دەوری ساڵێک لە ماڵی بابت مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نازانم، لەوانەیە چەند مانگێک، ساڵێک بێ، چونکە ماڵمان زۆر لە یەکدییەوە دوور نەبوو، هاتوچۆم دەکرد، من عادەتێکم هەبوو کە دەچوومە لایەک، نەدەچوومە لایەکەی دی، ئێستاش هەر وام، زۆر ئەمبەر و ئەوبەرم نییە، کە لە لەندەن هاتمەوە، نەچوومەوە، ئەوە چەند ساڵە لێرەم، کە لەوێش بووم نەدەهاتمەوە، هەر یەک جار بە سەردان هاتمەوە.

**ڕامان:** ئەوە ناوی چی لێ دەنێی، پێوەندی بە تەمبەڵییەوە نییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەڵڵا، لەوانەیە پتر پێوەندیی بە هونەرەکەمەوە هەبێ، حەزم لە گەڕان نییە، پێم خۆشە لە ژوورێ دانیشم.

**ڕامان:** زیاتر حەزت لێیە لە شوێنێک ئۆقرە بگری و ئیش بکەی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، کەرەســتەم لەبــەر دەست بێ و ئیش بکەم، دەڵێم ئەگەر بگەڕێم، گــەڕان ســوودی چییــە، هەمــوو کاتەکــەم بــە فێــڕۆ دەڕوا، هەســتێکی وام هەیــە، بۆیــە ئەگــەر بشــگەڕێم، دەبــێ دەفتــەری ڕەســم و کتێبــم پــێ بــێ، بۆیــە وەک خــۆی لــێ دێتــەوە، حــەز بــەوە ناکــەم دانیشــم و پشــوو بــدەم.

**ڕامــان:** بــە گــەڕان و ســووڕان و گەشــت کــردن ئاســوودە نابــی، لــە کاتێکــدا گەشــت کــردن بــۆ هونەرمەنــد زۆر پێویســتە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** مــن ناتوانــم دانیشــم، هــەر دەبــێ شــتێک بکــەم، دەمێــک دانیشــم بێــزار دەبــم. کــە چوومــە چایخانــە، لەنــاو گــەوران بــووم، هەنگێ لــە تەیــراوا منــداڵ نەدەهاتــە چایخانــە، ئەوانــەی دەهاتــن، هەمــوو وەک بابــم و مامــم گــەورە بــوون، زەلام بــوون، لــەوێ ئیشــی چایخانــەم دەکــرد، بۆیــە هــەر لەنــاو گــەوران گــەورە بــووم، ڕەوشــتم گەورانی بــوو، منداڵیــش بــە منیــان دەگــوت پیتۆڵــە، پیــران بــە منیــان دەگــوت، پیتۆڵــە و پیرانییــە.

**ڕامان:** مەبەستیان لە پیتۆڵ چی بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** مەبەســتیان زیرەکــی بــوو، چونکــە قســەی گــەورە گــەورەم دەکــرد.

**ڕامــان:** گیــوی موکریانــی لــە فەرهەنگــی کۆلکــە زێڕینــە، ئــەو وشــەیەی لەجیاتــی فەیلەســووف بــەکار هێنــاوە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نــا، ئــەوان نەیاندەزانــی فەیلەســووف چییــە، لەبــەر ئــەوەی قســەی گــەورە، یــان قســەی لــە خــۆم گەورەتــرم دەکــرد، لەنــاو گــەوران ژیابــووم، وایــان پــێ دەگوتــم.

**ڕامــان:** ئاخــر ئەوانیــش مەبەســتیان لــەوە بــووە، قســەکانت حیکمــەت و قســەی بــە توێکڵــی تێــدا بــووە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** ئەگــەر وێنــەی ئاژەڵێکــم بکردبــا، باپیریشــم دەیگــوت دا بێنــە بێنــە، بزانــم مــن نایکــەم، بــەڵام کــە دەیکــرد دەمگــوت ئــێ ئــەوە هەڵەیــە، ئــەو گوێیــەی ئــەولای دیــار نابــێ، دەیگــوت هــەی پیتــۆڵ! ئــەو کاتــی وایــان دەگــوت، بــە تەمــەن گچکــە بــووم، مــن حــەزم لــە هونــەر بــوو، ئــەوان دەیانویســت گەمــەم لەگــەڵ بکــەن، ئیــدی لــە چایخانەکــە بــەردەوام بــووم، هەتــا ســەتی ژمارەم دەزانــی، ئەلفبێشــم دەزانــی، بــەڵام نەمدەزانــی بنووســم، مامــم و ئــەوان جــوزووی عەممــە و ئەوانەیــان پــێ گوتبــووم، بەبیــرم دێ جــوزووی عەممــە هەبــوو، وەریــان گێڕابــوو، شــێخ محەمــەدی خــاڵ، کردبوویــە کــوردی.

**ڕامــان:** ئــەوە گرنگــە، چــۆن ئەوەتــان بەدەســت کەوتبــوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** هەمــووماڵێــک هەیانبــوو، ئێســتاش بەبیرم دێ «عما يتساءلون» نووسرابوو، لــە چــی لــە یەکتــر دەپرســن؟ «ان شيئا عظيما الذي هم فيه يختلفون» نووسرابوو، لــە شــتێکی زل لــە یەکتــر دەپرســن کــە تێیــدا موختەلیفــن، وشــەی عەرەبــی تێــدا بــوو.

**ڕامــان:** ئــەو جزووعەممەیــە سیپارەکی زۆر گچکــە بــوو.

**عەبدوڵــڵا ڕەسووڵ:** هەنگێ نەچووبوومــە قوتابخانــە، کــە دەچوومــە چایخانــە دەیانگــوت ســێ چامــان بــۆ بێنــە، دەمزانــی بنووســم ســێ، نەمدەزانی بنووسم چا، ئیــدی وردە وردە لەگــەڵ گــەوران گــەورە بــووم، حــەزم دەکــرد هەڵسوکەوتم، جلکم، پیاوانی بێ، دەیانگوت پیاوانــی چییــە؟ دەمگــوت ئاخــر دەبــێ جلوبەرگــم پیاوانی بێ، جلوبــەرگ و پشتێندی قاوەییم دەکرد.

**ڕامــان:** بــە قســەی خــۆت منداڵیــت بــە خۆتــەوە نەدیتــووە، هــەر بــە منداڵــی گــەورە بــووی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** ئەوهــا دێتــە بەرچــاوم، چونکــە هەڵســوکەوتی گەورانــم دەکــرد.

**ڕامان:** بە گوێرەی ئەو قسانەت بێ، لە منداڵی گەمەی ناو منداڵانیشت نەکردووە، باشە تۆپانێ، یان هەلوکێن- پەلیکانێت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوایی ئەو گەمانەم دەکرد، تێیاندا زۆر باش بووم، من هەر شتێکم کردبا، تێیدا باش دەبووم، کەم کەس لە من باشتر دەبوو، ئەو کاتەی کە لە چایخانە ئیشم دەکرد، لە ماڵی باپیرم بووم، سیاسەتیش لە گوڕێ بوو، بە دزییەوە سیاسەت دەکرا.

**ڕامان:** ئەو سیاسەت کردنە ساڵانی چەند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێش ئەوەی مامم بچێتە دەرێ، پێش ئەوەی شۆڕش دروست بێ، واتە پێش ١٩٥٨، ١٩٥٩ و ئەو دەورانە بوو، چونکە مامم گیرابوو، لە ساڵی ١٩٥٨ بەر بوو، مامم، سەید کاکە، فارس باوە بوون، ئەوانە لە کەرکووک گیرابوون، بە بیرم دێ منیان بردە کەرکووک، لە زیندان دیتم ناو قەد و پێیان هەمووی کۆت، دەستیان زنجیر بوو، هەنگێ گچکە بووم، کە بابم و ئەوان منیان برد، هێشتا نەفەر نەبووم.

**ڕامان:** بابت تۆی دەبردە لای مامت، بۆ سەردانی کردنی لە زیندانی کەرکووکێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئا، زۆر برادەری بابم لەگەڵمان بوون، بابم و ئەوان منیان لەسەر کۆشی خۆیان دانابوو، گچکە بووم، نەفەر نەبووم، بەڵام کە چووم دیتم لە کەرکووکێ پەیتوون هەبوو، زیندان هەبوو، بەندکراوەکان بۆ چاوپێکەوتن هاتنە حەوشەکە، کە تەماشام دەکردن، زۆر دەترسام، بە زنجیرەوە هاتن لەلامان دانیشتن و قسەیان کرد، لە ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم، ئەوانە بەر بوون، نیوەی ماوەی بەندکردنەکەیان بەڕێ کردبوو، نیوەکەی دیکەیان بە بەر لێبوردن کەوتن.

**ڕامان:** دوای ئەوەی مامت ئازاد کرا، ئیدی بە چییەوە خەریک بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە مامم ئازاد کرا، بە ناوی چایخانەی کوردستان، چایخانەیەکی دانا، شارەوانی زۆر هەوڵی دا ناوەکەی بگۆڕی، گوتی هیچ نایگۆڕم، بەبیرم دێ جارێک شارەوانی بە پیکابێک هاتن، ویستیان بە زۆر نووسینی چایخانەکە بێننە خوارێ، مامم گوتی ئەوەی بیهێنێتە خوارێ دەیکوژم، جنێویشی دا، زۆر جنێوی پێ دان.

**ڕامان:** دیارە لە ڕێکخستندا کاری کردووە، بۆیە وا بوێر و چاونەترس بووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کاری ڕێکخستنیشیان دەکرد، هەنگێ من نەمدەزانی ڕێکخستنە، تەنیا دەمزانی لە ماڵێ دادەنیشتن، بە منیان دەگوت بڕۆ پاکەتمان بۆ بکڕە، لەو چوونانەم جارێک لە تەیراوا بەردێک بە سەرم کەوت. جاددە قیرتاو نەکرابوو، بەردیان دانابوو، منداڵ شەڕەبەردیان دەکرد، چووم لە دووکانەکانی کۆڵانێ پاکەتیان بۆ بکڕم، بەردێک بە سەری من کەوت.

**له کۆلێژی هونەر دوای ساڵانێکی زۆر لە خزمەت کردن، کە خانەنشین بووم سپاس و پێزانینێکم بۆ نەهات.**

**ڕامان:** بەبیرت دێ ئەوانەی لە ماڵەوە کۆدەبوونەوە، کێ و کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەموویانم بەبیر نایە، ئەوەندەم بە خەیاڵ بە بیر دێ، مامم، فارس باوە، زاوایەکانی فارس باوە (کاکل و مەقسوود) کە خەڵکی باداوان بوون، ناویانم گوێ لێ دەبوو، پێ دەچی سەید کاکەش بێ، سەید

کاکە لاواز بوو، وەک ئێستا نەبوو، هەموویان گەنج بوون، منیش منداڵ بووم، یەکەم جار لەوان گوێم لە وشەی خەبات بوو، بەڵام نەمدەزانی مانای چییە.

**ڕامان:** هیچ جارێک گوێت لێیان بوو، لەو کۆبوونەوانەیاندا باسی چی دەکەن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** تەنیا وشەی خەباتم گوێ لێ دەبوو، دەمانچەشم پێیان دیتبوو، هەندێ جار دەمانچەم پێیان دەدیت، بۆخۆشم حەزم لە دەمانچە بوو.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان لە ڕێکخستنی پارتی بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەزانم سەر بە پارتی بوون، دوایی چوونە دەرێ، کە دەهاتنە چایخانەش جار بەجار دەمدی چەکیان پێ بوو، تەماشایان دەکرد، بەبیرم دێ جارێک لە حەوشەی ماڵی باپیرم، مامم چەکی تاقی کردەوە، فیشەک تەقی، بە دیواری کەوت و کەوتە ناوباخەڵی مامۆژنم، دەمانچەی تۆپلی بوو، بە منیان نیشان دا، منداڵ بووم، مامم دەیگوت ئەها ئەوە دەمانچەی تۆپلییە.

**ڕامان:** فیشەکی ئەو جۆرە دەمانچەیە یەکسەر دەردەپەڕێ.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** شتێکی زۆر خراپ بوو، بەرد بوو، چ بوو، فیشەک بە بەری کەوت و هەڵقۆزییەوە، گوایە دەیانویست لە پێش من تاقی بکەنەوە. بەبیرم دێ جارێک لە چایخانەی یەکێک هات، ئەوە پێش ئەوەی بچنە دەرێ. ئەو شتانە لە مێشکمدا زۆر دەنگ دەدەنەوە، یەکێک هات قاتێکی قاوەیی ڕەنگ گیزی لەبەر بوو، سوورکەڵە بوو، لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەگوت، گوتی من (محەمەد عارف جەزراوی)م، ئەو کاتەش تەلەڤزیۆن و شتی وا نەبوو.

**ڕامان:** چۆنە هاتووەتە چایخانەکەتان و ڕێکەوتت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هاتە چایخانەکە دانیشت، چایخانەی تەیراوا، ئێستا دووکانە.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم جاری بوو بێتە چایخانەکەتان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، یەکێک هات دانیشت، ئەو کاتی گەنجیش بوو، سوورکەڵەیەک بوو، کەسێکی لاواز بوو، بەڵام ئێمە پێشتر نەماندیتبوو، کاتی خۆی تەلەڤزیۆن نەبوو، هەر لە ڕادیۆ گۆرانی لێ لێ خەپشێ و ئەوانەمان گوێ لێ دەبوو، ئەو گۆرانیانەم پێ خۆش بوون، بە منیان دەگوت وەرە ها گوێ بدەیێ.

**ڕامان:** من لەبیرمە بە منداڵی زوو زوو لە ڕادیۆ گۆرانییەکانی لێ دەدران و بە بەر گوێمان دەکەوتن.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ماڵی مامم ڕادیۆیان هەبوو، هەموو جارێ گوێم لێ دەبوو، پێم خۆش بوو، ئەو پیاوەش کە هات گوتی من (محەمەد عارف جەزراوی)م، لەبەر خۆشیەوە گۆرانی دەگوت، دەیگوت دەمەوێ مامت ببینم، مامم لەوێ نەبوو، دوایی کە گێڕامەوە، باپیرم و ئەوانی دی دەیانگوت نا ئەوە ڕاست ناکا، ئەوە ئەمن و موخابەرات بووە، محەمەد عارف کوا لێرانەیە، چۆن هاتووەتە ئێرانە، منیش نەمدەزانی مەسەلە چییە، پێم گوتن هات و ئاوهای گوت.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو ئەو پیاوە بۆ چایخانەکەتان هات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پاش ١٩٥٨، نزیکی ١٩٥٩ و ئەو کاتانە بوو، دوای ئەوە باپیرم خەنجەرێکی دامێ، دەیگوت ئەگەر لەبۆ مامت هاتن، لە پشتەوە لێیان دە. خەنجەرێکی گچکە بوو، بستێک بوو، باپیرم زۆر شتی هەبوو، زۆر شتی

خڕ دەکردەوە، دوایی وەکی گەورەتر بووم، زۆر لەو شتانەی دامێ کە بەسوود بوون، مەبەستم کتێبی کۆن و شتی وایە، کە ئی کوڕی شێخ مەلا ڕەشید بوون، پێ دەچوو لە چایخانەی مامەوە کوردایەتی گەورەتر بووبێ.

**ڕامان:** لەو چایخانەیەدا، ڕێکەوتی کەسێکی ناسراو و بەناوبانگت کردووە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ناوەڵلا، چونکە ئەو جۆرە کەسانەم بەبیر نایەت، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە دەهاتنە چایخانەکە.

**ڕامان:** کەسێکت لەبیر نییە هاتبێتە چایخانە، دواتر ناوبانگی پەیدا کردبێ، یان ناو و ناوبانگیت بیستبێتەوە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ناوەڵلا، چایخانەکە ئی گەڕەک بوو، خۆ بە خۆیی دەهاتن.

**ڕامان:** هەنگینێ چایخانەکە قەرەباڵغ بوو؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** بەڵێ، زۆر قەرەباڵغ بوو، چایخانەیەکی بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوکاتە تەیراوا وا قەرەباڵغ نەبوو.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** نا، وەک ئێستا نەبوو، تازە شەقامی سی مەتری دروست دەکرا، بەبیرم دێ کە شەقامەکە دروست کرا، کەند بوو، شۆفڵ ئیشی تێدا دەکرد، شۆفڵمان نەدیتبوو، من بۆخۆم عارەبانەم بە تێل دروست دەکرد، لاسایی شۆفڵم دەکردەوە، بلدۆزەر و شۆفڵم دروست کردبوو، بڵند دەبووەوە، برادەرەکانم زۆر پێیان عەنتیکە بوو، چونکە ئەو کاتی هیچ یارییەکی منداڵان نەبوو.

**ڕامان:** ئێمەش ئەوسا بە تێل لەو جۆرە شتانەمان دروست دەکرد.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** من بۆخۆم دروستم دەکرد.

**ڕامان:** هەندێک جار بە سفەیس دەکرا، ئەو سیمەی کە سندووقی چایان پێ دەبەست.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** مەبەستت تێلەکانە؟

**ڕامان:** تێلەکان باریک بوون، بەڵام ئەوەیان پانتر بوو.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ڕاستە، ئی پان و ئی باریک هەبوو.

**ڕامان:** بەوەیان دەگوت سفەیس، ناوێکی وای هەبوو.

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ئا، بەڵێ، هەبوو ڕەقتر بوو، من ئەوەی پێم بکرابا، هەموویم بە دەست دەکرد، ئەوە نەبوو بڵێی کەرەستەم هەبێ، بلدۆزەریشم کردبوو، بڵند دەبوو، خوار دەبووەوە، چونکە ئەوەم لەو کاتانە دیت کە تازە شەقامی سی مەتری دەکرا، بۆیە دەزانم ئەو شەقامە لەو کاتانە کرا.

**ڕامان:** کەی بوو حزبایەتی و سیاسەت لە چایخانە و ماڵەکان زەق بووەوە؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩، حزبایەتی زیاتر بوو، لەوانەیە ١٩٥٩ بێ، گەلێک کەس دەهاتنە ئەو چایخانەیە پەلاریان لە مامم و ئەوانەی دی دەدا، ئەوانە خۆیان سەر بە حیزبی شیوعی بوون، هەر کۆمەڵە کرێکارێک بوون، نەک بڵێی خوێندەواری گەورە بن و فەلسەفییانە قسە بکەن، بەڵام بە فیکر پێ دەچوو ئەندامی حیزبی شیوعی بن، هەر برادەری مامیشم بوون، گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد، بە سوعبەت مامیان تووڕە دەکرد، بەشێوەیەکی زانستیانە قسەیان نەدەکرد، لەگەڵ دەیانگوت ئەنگۆ عەشایرین، مامم تووڕە دەبوو. دوایی ئیش کردن لە سیاسەت گەورە بوو، جارێک پۆلیس هاتنە چایخانەکە و منیان برد.

**ڕامان:** کەسیان بە دەست نەکەوت تۆیان برد؟

**عەبدوڵلا ڕەسووڵ:** ئاخر هەر من لە چایخانەکە

بووم، مامم چەند ڕۆژ بوو دیار نەبوو، نەمدەزانی چووەتە کوێ، مەسەلە چییە، تێناگەم، لای باخچەی کورد و عەرەب، مەخفەرێکی پۆلیس تازە کرابووەوە، نوێ بوو، پۆلیسێک بە پاسکیل هات، مەخفەرەکە زۆر لە ئێمە دوور نەبوو، هات و منی لە پشتە خۆی سوار کرد، گوتی وەرە مەخفەر. هەر لەلای چایخانەکە پرسی مامت لە کوێیە؟ یەکێک کەریمی حاجی عەزیزی ناو بوو، خاوەنی دووکانەکە بوو، دوایی بووە پارتی، گوتی بڵێ مامم چوویتە گوندی، بووک دەگوازنەوە و دەعوەت کرایە.

**ڕامان:** قسەیەکی باشی فێر کردووی، ویستوویەتی بەو شێوەیە بۆی پینە بکەی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێ منداڵ بووم، هێشتا لە قوتابخانەش نەبووم، لەوانەیە حەفت ساڵ و هەندێک بم، چونکە من درەنگ چوویمە قوتابخانە. پۆلیسەکە منی بردە ژوورێک، لایەکی جامخانە بوو، دارێکی هێنا پێیان دەگوت مەستەرە، وەک ئی قوتابخانە، قاوەیی و زەرد بوو، گوتی بەو دارەی سەرت دەشکێنم، مامت لە کوێیە؟

**ڕامان:** بەو هەڕەشە و بارودۆخەی تێی کەوتبووی نەترسای؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەدی، زۆر ترسام، خەریک بوو بگرییێم، تەماشای دەرێم کرد، هەموو خەڵکەکە ڕاوەستابوون، بابم و خاڵم و خەڵکی کۆڵان و گەڕەکەکەمان هەموو ڕاوەستابوون، ئاوڕێکم دایەوە، زانیی من دەترسێم، لە پڕ پۆلیسێک هات، دیار بوو پلەی گەورە بوو، ئەستێرەی زۆری پێوە بوو، ئەوە گوتی کوڕە عەیبە، ئەو منداڵەتان بۆ هێناوەتە ئێرە، ئەنگۆ کەستان دەست نەکەوت ئەو منداڵە بهێنن، کردییە دەنگەدەنگ، بە منیان گوت یاڵڵا بڕۆ دەرێ. هاتمە دەرێ، بابم و هەموو برادەرەکانی و ئەوانی دی، ئەوی زانیبووی چەند کەسێک بوون هاتبوون، لەناو باخچەی پێش مەخفەرەکە ڕاوەستا بوون، منیان هێنایەوە چایخانە.

**ڕامان:** کە هاتیتە دەرێ کەسوکارت چییان پێ گوتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێیان دەگوتم نەمانگوت وا بڵێ، نەماگوت وا بڵێ، منیش جارێ لە ترسان قسەم پێ نەدەکرا، دوای ماوەیەک، زۆری پێ نەچوو، مامم بەدزییەوە هاتەوە، ئەوکاتە خۆیان دەشاردەوە، چایخانەکەی فرۆشت و هەڵاتن، کە ڕۆیشتن وا بزانم بووبووە ساڵی ١٩٦١، شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، منیش گەڕامەوە ماڵی بابم، ئیدی چوومە قوتابخانە، لە ١٩٦١ – ١٩٦٢بوومە قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی، واتە گەورە بووم.

**ڕامان:** لە نزیک ماڵی خۆتان قوتابخانە هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوتابخانەیەک هەیە، ئەوەی ئێستا لە شەقامی پزیشکانە، ئەوە پێی دەڵێن قوتابخانەی تەیراوا، لەوێ دەستم پێکرد.

**ڕامان:** هەر بە ناوی قوتابخانەی تەیراواوە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو کاتی مستەوفی و مەولەوی بوو، من چوومە مەولەوی، بەڕێوەبەری مستەوفی ناوی مامۆستا خدر بوو، بە بابمی گوتبوو منداڵەکەت بۆ نانێریتە قوتابخانە؟ کە چووین دەوامی قوتابخانەی مەولەوی بوو، ئیدی لەوێ وەرگیرام، پۆلی یەکم لەوێ خوێند، دوایی بۆ پۆلی دوو ئێمەیان گواستەوە، چووینە ئەو قوتابخانەیەی لای گەراجی شەقڵاوە، ئەوەی تانکییە گەورەکەی لەناوە، ئێستا ئەو قوتابخانەیە پشتگوێ خراوە، لەوێ دەواممان کرد، ئەو قوتابخانەیە نوێ بوو، هەتا سەرەتاییم تەواو کرد، هەر لەوێ بووم.

**ڕامان:** تا سەر هەر بەو ناوە مایەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، ناویـان مسـتەوفی و مەولـەوی بـوو، واتـە قوتابخانەکـە بەنـاوی خۆیـەوە هاتـە ئـەوێ.

**ڕامان:** بینایان گۆڕی و ناو نەگۆڕا؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، قوتابخانـە کۆنەکـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن تەیـراوا، نازانـم ئـەو کاتـی چـی لـێ هـات، دیـارە ئێسـتا نـاوی تەیراوایـە، بـە دوو سـێ جـۆر گـۆڕاوە.

**ڕامـان:** ئـەدی ئـەو سـەرەتا هونەرییـەت کـە بـە قـوڕ دەسـتت پێکـرد و لەگـەڵ قـوڕ خەریـک بووی، یـان ئـەو شـتانەی لـە زینـدان بۆیـان دەهێنایـەوە، ئـەوە چـی لـێ هـات، گەیشـتنە کـوێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کە لە چایخانـە دوور کەوتمەوە، هاتمـەوە ماڵـی خۆمـان، شـتی گەورەتـرم دەکـرد، بۆخۆشـم تەمەنـم گەورەتـر بـوو، کـە چایخانەکـە نەمـا، چوومـە قوتابخانـە، زیاتـر تێگەیشـتم، گەمـەی منداڵانـم بـە گەورەیـی دەکـرد، لـە یەکـی سـەرەتایی مامۆسـتایەک لێمـان هاتـە ژوورێ، مامۆسـتای کوردیمـان بـوو، ئـەوەی ئەلفبـێ، ڕەسمیشـی پـێ دەگوتیـن، پێیـان دەگـوت مورشـید- ڕابـەر.

**ڕامان:** ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـاوی عەبدولڕەحمـان بـوو، پێمـان دەگـوت عەبدولڕەحمـان ئەفەنـدی.

**ڕامان:** ئەدی ناوی بابی چ بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـاوی بابـی نازانـم، بـەڵام یەکێکـی باریکەلـەی درێـژ و لاواز بـوو.

**ڕامـان:** دەتوانـی دوایـی نـاوی بابیشـیم بـۆ پەیـدا بکەی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** زەحمەتـە نـاوی بابـی پەیـدا بـێ، وێنەکێـش و شـتی وا نەبـوو، زۆر مامۆسـتا هەبـوون، مـن تەنیـا ناوەکـەی خۆیـان دەزانـم، چونکـە زۆر منـداڵ بوویـن.

**ڕامـان:** ئاخـر یەکـەم کـەس کـە وانـەی ئەلفبێـی بـە تـۆ گوتـووە گرنگـە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـاوی عەبدولڕەحمـان بـوو، زۆر مامۆسـتای مەسـیحیش لەلامـان بـوون، لەوانـە مامۆسـتا (یەعقووب)ێک هەبوو، وانـەی مەعلووماتی پێمـان دەگـوت، کـە پەروەردەکـردن و ئـەم قسـانە بـوو، هـەر ئـەو مامۆسـتا (عەبدولڕەحمان)ـە، بیرکارییەکەشـی پێمـان دەگوتـەوە، ئـەو کاتـە پێیان دەگـوت حیسـاب، ئـەو مامۆسـتایە ڕەسـمێکی کـرد، عارەبانـەی شـێلم و دۆندرمـە و ئـەو شـتانە بـوو.

**ڕامـان:** بـۆ ئەو مامۆسـتایە دەسـتی وێنەکێشـانی هەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، وێنەکێـش نەبـوو، ئـەو کاتـی ئێمـە پۆلـی یـەک بوویـن، نەماندەزانـی بـاش و خـراپ چییـە، لەسـەر تەختـەی ڕەش وێنەیەکـی کـرد، نەریتـی دەرس گوتنـەوە ئەوهـا بـوو، ئـەوان نەیاندەزانـی پـەروەردەی هونـەری چییـە، گوتـی ئـەو وێنەیـە بکـەن، دەفتـەری ڕەسـم دەفتەرێکـی گچکـە بـوو، ئەویشـم کردبـووە دەفتـەری شـێوەکاری.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتای ڕەسـمیش نەبوو، وانەکەشـیان بەو سـپاردبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتای ڕەسـم نەبـوو، کەچـی وانـەی ڕەسـمیان دابوویـێ، ئێسـتاش هەندێـک کـەس وان و شـتی وا هـەر مـاوە، نەیاندەزانـی پـەروەردەی هونەریـی چۆنـە، ئـەوەی ئێمـە مامۆسـتایەکی ئاسـایی بـوو، وایاندەزانـی یەکـی سـەرەتایی هیـچ نازانـێ، ئێسـتاش بەبیـرم دێ ڕەسـمەکەم بەجوانـی کـرد، قوتابییـەکان پێیان جـوان بـوو، مامۆسـتا خـۆی زۆری پـێ جـوان بـوو، زۆر هانـی دام زیاتـر ڕەسـم بکـەم.

**ڕامـان:** ئیـدی تـۆش هـەر لـە خۆتـەوە بەبـێ ڕێنمایـی و هەبوونـی مامۆسـتایەکی هونـەر ڕەسـمی خـۆت دەکـرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بەبێ ئەوەی بزانم باش و خراپ چییە، لە ماڵێش هەر وا خەیاڵاوی ڕەسمم دەکرد، تا بوومە پۆلی چار و پێنج، زۆرتر وێنەم دەکرد، چیرۆکی ئەمیر ئەرسەلان و ئەوانەم دەکڕی، لە ماڵێ کتێبم دەخوێندەوە، خوێندنەوەی کوردیم هەندێ باشتر بوو، هەندێ برادەری کۆڵانیش دەهاتن، ئەمیر ئەرسەلان، فەتحی قەڵای خەیبەر، حەیدەرنامە و ئەو جۆرە کتێبانەم بۆیان دەخوێندەوە.

**ڕامان:** کە ئەو کتێبانەت دەکڕی، کەسێک هەبوو بۆتی دەستنیشان بکا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوانەم دەخوێندەوە، کەیفم بە خوێندنەوەیان دەهات.

**ڕامان:** کەس هەبوو پێت بڵێ ئەو کتێبانە بکڕە؟ کتێبەکانت لە کوێ دەکڕی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەوەڵڵا کەس نەبوو، دەچوومە بازاڕ و خۆم دەمکڕین، لە کتێبخانەی گیوی موکریانی دەمکڕین.

**ڕامان:** ئەوە کتێبخانە نەبوو، چاپخانە بوو، لە چاپخانەکەی کتێبەکانی چاپ دەکرد، پێشی چاپخانەکەی کردبووە جامخانەیەک و بۆ کتێب فرۆشتنی تەرخان کردبوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئا، کتێبخانە نەبوو، چاپخانە بوو، هەر لەو جێیەی ئێستاش بوو، چونکە بەبیرم دێ جارێکیان کە چووم ئیسماعیلنامەم لێ کڕی، ئیسماعیلنامەم خوێندەوە کە پەروەردەیی بوو، باسی پارووخواردن و ماستخواردن بوو، منیش چونکە ماستم نەدەخوارد، ڕقم لێی دەبووەوە، سووک کتێبەکەم بۆ بردەوە، گوتم ئەو کتێبەم ناوێ.

**ڕامان:** ئەو کتێبەت بە چەند کڕیبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە عەقڵم چل فلسم پێ دابوو.

**ڕامان:** نەپیرسی بۆچی ئەو کتێبەت ناوێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، گوتم حەزم لێی نییە، لەجیاتی ئەوە کتێبێکی دیکە دەبەم، ئەوجارە میعراجنامەم کڕی، میعراجنامە گچکە بوو، بەڵام هەمووی میعراجنامەم ئەزبەر کرد، وەک شیعر دەمگوتەوە، ئێستاش هەندێکم لەبیرە، کە دەڵێ:

**بە ناوی خوای گەورە و بێهامتا**
**دانەری عەرز و ڕاگیری سەما**
**کەسی بێکەسان، پەنای هەژاران ...**

باسی دوڵدوڵ دەکات، دەڵێ:

**لەشی وەک ئەسپ لە کەر گەورەتر**
**ڕوخسار ئادەمی نەک هێندەی ئێستر ...**

ئەوە هانی دام بۆ خوێندنەوەی، زیاتر کەیفم بە خوێندنەوەی دەهات.

**ڕامان:** بەو بۆنەیەی باسی دوڵدوڵت کرد، کە سندووقی بۆراقیشی پێ دەڵێن، دەگوترێ ئەوەش سەرەتایەکی خۆرسکە لە هونەری شێوەکاریی کوردی، وەستا دارتاشەکان شتی وایان دروست دەکرد، ئەو جۆرە ئیشانە هیچ کاریگەرییان لەسەرت نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هیچ کاریگەری لەسەرم نەبوو، لە ماڵێ ئەو سندووقەمان هەبوو، پێم جوان نەبوو. ئەگەر دەتەوێ بەو بۆنەیەوە قسەیەک لەوە بکەم، من ئەوەم پێ هونەرە جوانەکان نییە، ئاگادارم گەلێ جار بابەتی سندووق و مندووق باس دەکرێ.

**ڕامان:** بەتایبەتی دارا محەمەد عەلی زۆر باسی دەکا، دەڵێ بابم وەک دارتاشێک زۆر ئیشی وای کردووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، خۆی ڕاستە شتەکە کراوە، ئێمەش سندووقمان هەبووە، بەڵام ئەوە خۆی دیزاینە، دیزاین پیشەسازییە، هونەرە

جوانـەکان نییـە، هونـەرە بەقـەدەر ئـەوەی وەک هـەر شتێک هونـەری تێدا بێ، بۆ نموونـە بەرگدروونیش هونـەرە، بـەڵام هونـەرە جوانـەکان نییـە، چونکە تۆ دوورینـی جلکـەکان کۆپـی دەکەیتـەوە، دووبـارەی دەکەیـەوە، بۆیـە ئـەوە دیزاینـە، نەخشـە، یـان نەخشـی خـۆی هەیـە.

**ڕامـان:** ئـەدی ڕەنگەکانـی سـەر سـندووقی بـۆراق، دانانـی ڕەنگـەکان جۆرێـک لـە هەسـتی ڕەنگیـی - ئیحساسـێکی (لونـي) نییـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بـا، بـا، هەمـوو کـەس هەسـتی هەیـە، ئێسـتا کەسـێک دەرگای خـۆی بۆیـاغ دەکات، هەستی خـۆی هەیـە، ئەگـەر چەنـد دەرگای دیکـەش بۆیـاغ بـکات، شـارەزایی زیاتـر دەبـێ، دوایـی خەتێکی پێدا دەهێنـێ، بازنەیەکـی لەنـاو دەکات، شـتی دیکـەی دیتییـە، لاسـایی خەیاڵـی خـۆی دەکاتـەوە، مـن بێڕێـزی بـەو سندووقانە ناکـەم، خـۆی باشـە، هەمـوو کەسـێک نەیتوانیـوە بیکا، بـەڵام هونـەرە جوانـەکان نییـە.

**ڕامـان:** کەواتـە وەک هەنـدێ کـەس دەڵێـن، ناتوانین بـە سـەرەتایەکی هونـەری شـێوەکاریی کـوردی دابنێین کـە سـەردەمانێک لەنـاو کوردەواری بـاو بووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نەخێـر، بـەڵام ئەوە نەخشـەیە، هونـەر دەبـێ یـەک دانـە بـێ، ئەگـەر یەکێـک یـەک تابلـۆ بـکات، هەرچـی بـێ، ئـەوە یەکێکـە، خەراپیـش بـێ، هەر دەتوانیـن بڵێین سـەرەتای هونەرمەندەکەیە، بـەڵام کـە دووبـارەی کـردەوە، دەبـێ بە نەخشەسـازی و نەخـش و شـتی وا، لـە هونـەرە جوانـەکان دێتـە دەرێ.

**ڕامـان:** بـۆ کامێـراش هەروایـە، فۆتۆگـراف بـە هونـەر نازانـی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئێسـتا باسـی کامێـراش دەکـرێ کـە هونـەرە جوانـەکان نییـە، چونکـە کامێـرا ئامێـرە، کۆپـی لـێ دروست دەکـەی، کاتـی خـۆی کـە گرافیکیـش سـەری هەڵـدا، دژی بـوون، چونکـە گرافیـک نوسـخەی لـێ دروسـت دەکـرێ، بـەڵام گرافیـک زوو چـارەی کـرد، هەنـدێ جـار گرافیـک پێـی دەڵێـن چـاپ کـردن، کـە چەنـد دانەیـەک چـاپ دەکـەی دەبـی بڵێـی دە دانـەم چاپ کـردووە، کـە لـە دە دانـە زیاتـر بـوو، نرخـە هونەرییەکـەی دێتـە خـوارێ، ئەمـە نابـێ، ئـەدی ئەگـەر هـەزاران دانـەی لـێ چـاپ بـوون؟

**ڕامـان:** کەوایـە سـندووقی بۆراقیـش هەمـان شـتە، کـە زۆری لـێ دروست دەکـرێ، لـە هونـەر دەچێتـە دەرێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** تـۆ هـەر بچیتـە لای دارتـاش و بڵێـی وەک ئـەوە سـندووقێکم بـۆ دروسـت بکـە، یـان سـندووقێکی ئەوهـام دەوێ، مانـای ئەوەیـە لـەلای بووەتـە کلێشـە، بووەتـە نەخشەسـازی، لەگـەڵ ئـەوەش دیسـان هـەر زانیـن و هونـەری تێدایـە، بـەڵام هونـەر لـە زۆر شـتی دیکەشـدا هەیـە، خـواردن دروسـت بکـەی، ئـەوە هونـەری خواردنـە، هونـەری بەرگدووریـن، هونـەری خانـوو دروسـتکردن، کـە ئەوانـە هونـەرە جوانـەکان نیـن، ئەگـەر کارەکـە یـەک نەبـێ، تـاک نەبـێ، هونـەرە جوانـەکان نییـە، مەبەسـتم لەوەیـە، ئەگەرنـا ڕێـزی خـۆی هەیـە.

**ڕامـان:** بێینـەوە سـەر خوێندنەوەکانـت، لـە خوێندنـەوە بـە کوێ گەیشـتی، لەسـەری بـەردەوام بـووی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو شـتانەم دەخوێنـدەوە کـە باسـم کـردن، خوێندنـەوەی کتێبـی کوردیـم پـێ خـۆش بـوو، کەوتمـە نـاو خوێندنـەوەوە، زۆر چێـژم لـێ وەردەگـرت.

**ڕامـان:** تـۆ هـەر لـە سـەرەتاوە کتێبـی کوردیـت دەخوێنـدەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، چێژم لێ وەردەگرت.

**ڕامان:** کتێبی عەرەبیت نەدەخوێندەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کتێبی عەرەبیم نەدەخوێندەوە، ئاخر زمانی عەرەبیم نەدەزانی.

**ڕامان:** ئەوە تۆ لە پۆلی چەند بووی کە زمانی عەرەبیت نەدەزانی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چار و پێنج و ئەوانە بووم، پاش پۆلی دوو خەریک بوو فێری خوێندنەوە دەبووم، لەپاش پۆلی دوو، ئەگەر حەزت لی بێ، خوێندەواریت باشتر دەبێ.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایەی لەسەر تەختە ڕەشەکە ئەو ڕەسمەی بۆ کردن، دیارە کاریگەرییەکی لەسەرت بەجێ هێشتووە و چێژێکی داوەتە تۆ، وێنەکێشانی ئەو مامۆستایە هەر ئەو یەک جارە بوو؟ ئەو وێنەیەی کێشا و تەواو، چی دیکەی بەدوادا نەهات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئا، ئەوە زۆر هانی دام.

**ڕامان:** هەر ئەو وێنەیەت لەبیر ماوە ئەو مامۆستایە بۆتانی کردبێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەوەم لەبیر ماوە. من لە قوتابخانە زیرەک بووم، هەموو ساڵەکان هەر یەکەم دەبووم، لە پۆلی شەشی سەرەتایی ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا یەکەم بووم، خەڵاتیان دامێ، کە لە یەکی سەرەتایی یەکەم بووم، نەریت وایە قوتابی کە دەڕوا کارتەکە وەردەگرێتەوە، پێی دەڵێن ئەوە کارتەکەت، ئەویش بیست و پێنج، یان پەنجا فلسی دەدا، قوتابییەکان بە منیان گوت پارە مەدە، تۆ یەکەمی، یەکەم پارە نادا، ئەوەندە ئەو قسەیەم پێ خۆش بوو، سێ چوار قوتابی دەستیان گرتبووم، بەرەو ماڵێ غارمان دا، ماڵمان لە پشت قوتابخانەکەوە بوو، زۆر لێمان نزیک بوو، ئێستا شوێنەکەی پڕ کراوەتەوە، پێشان قوڕ بوو، کەندێک بوو لە شەقامی پزیشکان، ئەو ناوە خۆڵ بوو، هێشتا قیرتاو نەکرابوو.

**ڕامان:** کەندێک بوو، ئێستا پڕ کراوەتەوە و شوێنەکەی کراوە بە تەلاری بەرز.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** شەقامی پزیشکان خۆڵ بوو، بەڵام کە دەهاتییە خوارێ، پشت قوتابخانەکەی ئێمە کەندێک بوو، ئێستا پڕ کراوەتەوە، منداڵ بووم بەبیرم دێ ئەو قوتابخانەیە زەمانی مەلەکی دەست بە دروستکردنی کرا، زەمانی عەبدولکەریم قاسم تەواویان کرد، منیان برد گوتیان ئەوە یەکەم بووە، جانتایەکم هەبوو، دایکم جانتایەکی بە قوماش بۆ دروست کردبووم، وەک چۆن هەندێ جار بە قوماش بۆ قورئانی دروست دەکەن.

**ڕامان:** ئەوە (جوعبە) هەگبەیە، جاران لە جیاتی جانتا کتێبی تێ دەکرا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەک هەگبەیە، پەتێکی ملی هەبوو، دایکم بۆ من و برام دروستی کردبوو، کتێبمان لەناو دادەنا.

**ڕامان:** گوتت تۆ لە خوێندنی سەرەتایی، لە یەکەوە تا شەش هەر یەکەم بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر یەکەم دەبووم.

**ڕامان:** لە هەموو وانەکان باش بووی، لە ئینگلیزی، عەرەبی، بیرکاری، زانست، وردە وردە زانیاری زیاتر فێر دەبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لە کۆنمرەدا یەکەم دەبووم، خەڵاتیان دەدامێ، لە حیساب (بیرکاری) هەر زۆر باش بووم.

**ڕامان:** ئەدی هیچ ڕێک نەکەوت مامۆستایەکی دی بێتە سەرتان، هونەرمەند، یان لایەنگری هونەر بێ و سەرنجتان بۆ لای هونەر بە گشتی ڕابکێشێ و شتی هونەریتان فێر بکا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، ئەگەر بێینەوە سەرەتا،

له پۆلی سێ و چار و ئەوانە بووم، مامۆستایەک هەبوو ناوی مامۆستا ئەسوەد بوو، بەڵام ئەوەندە دەزانم یەکێکی سوورکەڵەی لاواز، خەڵکی شارستانی هەولێر بوو، لەوانە بوو کە تورکمانی دەزانی.

**ڕامان:** م. ئەسوەد، هونەرەکەی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوە ڕەسمی نەدەزانی، بەڵام لە وانەی ڕەسم دەهات، پێمی دەگوت تۆ دەچیتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، هەندێ جار دەیگوت ڕەسمەکانتم بدەرێ، من لە پێشانگە بەشداریت پێ دەکەم، نەمدەزانی ساڵانە پەروەدە پێشانگەی هەیە، پێشانگەم هەر نەدیتبوو، بۆی نەدەچووم، ئاگاشم لێ نەبوو، بەڵام گوێم لە قسەکەی دەبوو، دەیگوت لە پێشانگە دایاندەنێم.

**ڕامان:** کە دەیگوت بۆ ناچیتە پەیمانگەی هونەر وەڵامت چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێ جار کە دەیگوت تۆ بۆ ناچیتە پەیمانگەی هونەر، نەمدەزانی پەیمانگەی هونەر کوێی مەبەستە، هێشتا نەبووبوومە پۆلی پێنجیش، کە بوومە پێنج و شەش باشتر بووم.

**ڕامان:** دواتر زانیت و تێگەیشتی کە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان چییە و لە کوێیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هێشتا نەمدەزانی پەیمانگە چییە، بەڵام لە پۆلی شەش لەوانەیە گوێم لێ بووبێ، لە پۆلی پێنج و شەش وەک وێنەکێش ناسرا بووم، مامۆستاکان وانەی یەک و دوویان دەگوتەوە، مامۆستایەک هەبوو ناوی عیسا بوو، مەسیحی بوو، دوو سێ جار کارتۆنی دامێ، ئەوکاتی کارتۆنێک بە دە فلس بوو، هەر جارەی پێنج کارتۆن، دە کارتۆنی دەدامێ، دەیگوت ئەو ڕەسمانەم بۆ بکە، مەبەستی ڕەسمەکانی ئەلفوبێی کوردی (دارا دوو داری دی)ی پۆلی یەک بوو، لەبەر ئەوەی پێنج و شەش بووم، من بۆ پۆلی یەک وێنەم دەکرد، ئەوانەم بە قەڵەمی ڕەنگی دەکرد.

**ڕامان:** وانەکانی ئەلفوبێیەکەی م. ئیبراهیم باڵدار دەڵێی، بۆچی ئەوکاتە وێنەکانی ئەو ساڵانەی دوایی پێوە نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەلفوبێیەکەی پێشان دەخوێنرا، ڕەسمەکانی پێوەیە، بۆ خۆشم هەر ئەوەم خوێندبوو، بەڵام ئەوکاتی کە بوومە پێنج و شەش، من بۆ پۆلی یەکەکانم دەکرد، مامۆستا پارەی دەدامێ، پەنجا فلس، سەد فلس، کارتۆنم پێ دەکڕی، دوو سێ جار ئەوەم کرد، لە ماڵێ بە قەڵەمی ڕەنگیی کارەکەم بۆ دەکرد و بۆم دەبردەوە.

**ڕامان:** لە بەرانبەر بەوەی ئەو ئیشەت بۆی دەکرد، پارەی دەدایەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** تەنیا پارەی کڕینی کارتۆنەکەی دەدامێ.

**ڕامان:** هەر حەقی کارتۆنەکەی دەدایەی! ئەدی پارەی هەقدەستی خۆت و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، هیچ پارەی نەدەدایەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا نا، شتەکانی دیم بە پارەی خۆم دەکڕی.

**ڕامان:** وامزانی هانیان داوی و هەندێ پارەی زیاتریان پێ داوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هیچ شتێکی وا نەبوو، بەڵام کە لە قوتابخانە، لە شەش یەکەم بووم، دینارێک و کراسێکی خەت خەتیان دامێ، ئەو کاتی پێیان دەگوت کراسی مغازە، چونکە لەناو نایلۆنی بوو، لە شەقامی باتە دەیانفرۆشت، کراسەکە باش بوو. لە پۆلی شەش، مامۆستایەک هات، ناوی م. ئەحمەد بەننا بوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە عەرەب بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نــا، کــورد بــوو، کــوردی هەولێریێ بــوو، بەقەڵافــەت بــوو، خاڵێــک لەســەر ڕوومەتــی بــوو، ئــەوە ڕەســمی دەکرد و وێنەکێش بــوو، بــەڵام وێنەکێشــێکی ســەرەتایی بــوو، زۆر بەهێــز نەبــوو، ئــەو کاتــە بــۆ ئێمــە بەهێــز بــوو، کە هــات ژوورێکــی کــردە نیگارخانــە - مەرســەم، کــە دەیانگــوت وانــەی ڕەســم هەیــە، ئێمــە دەچووینــە نیگارخانەکــە و ڕەســممان دەکــرد.

**ڕامــان:** کــە لــە پۆلــی شەشــی ســەرەتایی بــوون، لــە قوتابخانــە نیگارخانەتــان هەبــوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، لــە شەشــی ســەرەتایی مەرســەممان هەبوو.

**ڕامــان:** هــەر لــەو قوتابخانەیــەی بــۆی چــوون، مانــەوە و بوونــە خاوەنــی نیگارخانــە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، هەر لــەو قوتابخانەیەی کــە ئێســتا نەمــاوە، نــاوی مەولــەوی بوو.

**ڕامــان:** ئێســتا لــە تەیــراوا قوتابخانەیــەک بەنــاوی مەولــەوی هەیــە، زۆر جــوان نــۆژەن کراوەتــەوە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** ئــەوە هــەر ئــەو (مەولــەوی) یەیــە، تەنیــا بیناکــەی گــۆڕاوە، ئــەو کاتــی پێنــج و شــەش لــەو قوتابخانەیــە بووم کە ئێســتا پشــتگوێ خــراوە، ئــەوە تانکییەکــی گــەورەی ئــاوی لــە نــاوە، قوتابخانەیەکــی بەناوبانــگ بــوو، بەرانبــەر گەراجــی کۆنــی مەســیف و شــەقڵاوەیە، لــەوێ بوویــن، ئــەو مامۆســتایە هــات ژوورێکــی کــردە ســتۆدیۆ بــۆ ڕەســم، ئێمــەی بــردە ئــەوێ، دەمــدی ڕەســم دەکات. حــەزی لــە ڕەســم بــوو، بــەڵام وێنەکێشــێک بــوو، بــە قــەدەر توانایــی خــۆی، لــەو ســەردەمەدا خــەراپ نەبــوو.

**ڕامــان:** بــەڕای مــن هاتنــی ئــەو مامۆســتایە، بــۆ تــۆ خاڵــی وەرچەرخانــە و زۆر گرنگــە، تــۆ دەڵێــی چــی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، ئــەوە وێنەکێــش بــوو، ڕەســمی دەکــرد، لەوانــە ئەســپ و سروشــتی دەکــرد، مــاوە مــاوە تابلۆکانــی لــە ئاوێنــە دەدا، لــە قوتابخانــە یانەســیبێکیان دەکــرد، بــە پارەیەکــی هــەرزان و کــەم بــوو، دەیانگــوت کــێ لەو یانەســیبە بیباتــەوە، تابلۆکــەی دەدەینــێ، زەوقــم بــەوە دەهــات، چونکــە دەمــدی ئــەو مامۆســتایە ئەســپ و مەســپ و دیمەنــی سروشــتی دەکــرد.

**ڕامــان:** ئــەدی بــۆ ڕەســمکردن چ کەرســتەیەکتان بــەکار دەهێنــا، لەســەر چ ڕەســمتان دەکــرد؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** مــن هــەر قەڵەمــی ڕەنگیــم بــەکار دەهێنــا.

**ڕامان:** ڕەسمەکان لەسەر مقەبا بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر مقەبا بوو.

**ڕامــان:** خۆتــان، یــان قوتابخانــە مقەبایــان بۆتــان دەکڕی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نــا، خۆمــان دەمانکــڕی، بــۆ خۆمــان لــە قوتابخانــە دەفتەرمــان هەبــوو، پێیــان دەگــوت دەفتــەر ڕەســم، بــەڵام مــن بــۆ خــۆم کارتۆنــم دەکــڕی، داوایــان لــە مــن نەدەکرد کارتــۆن بکــڕم، خــۆم شــتی زیاتــرم دەکــرد، زۆر کارم کــرد، دوایــی کــە بوومــە پێنــج و شــەش، شــارەزاتر بــووم، ئــەو مامۆســتایەش هــات ڕەســمی دەکــرد، پێــم خــۆش بــوو، هەنــدێ جــار لاســاییم دەکــردەوە، چونکــە وەک ڕەســام دەجووڵایــەوە.

**ڕامــان:** دەتــەوێ بڵێــی بــە مامۆســتاکانی دی نەدەچــوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** وەک مامۆســتاکانی بیــرکاری و ئینگلیــزی و ئەوانــە نەبــوو. لــە شەشــی ســەرەتایی زۆر قوتابیمــان لەگــەڵ بــوو، هەندێک لەوانە ئێســتاش لــە ژیانــدا مــاون.

**ڕامــان:** لــە هــاوڕێ قوتابییەکانــت کێــت لەبیــر مــاوە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** یەکێــک لەوانــەی لەبیرمــە

ڕەوانشاد غازی غەفوور بوو، کە دوایی ڕووی لە شانۆ کرد، م. حوسێن عەبدوڵڵا خاڵی بوو، چەند جارێک هێڵکاری ئەوی بۆ هێنام کە لەسەر کاغەزی جەریدە دەیکردن، دەیگوت خاڵم لە پەیمانگە دەرچووە، وێنەکێشە، ڕەسمەکانی بە من نیشان دەدا، منیش پێم دەگوت ئیشەکانی دیکەیم بۆ بێنە.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی باش بووە کە لەگەڵ هونەرمەند غازی غەفوور لە یەک پۆل پێکەوە بوون، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە خوارزای م. حوسێن عەبدوڵڵا بووە و هێڵکارییەکانی ئەوی بۆت هێناوە و نیشانی داوی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لە یەک پۆل بووین، لە پۆلی شەش پێکەوە بووین، پێم دەگوت ڕەسم و هێڵکارییەکانی خاڵتم بۆ بێنە بزانم چۆنن، پێشانمی دەدا، ئەوەش پتر چاومی کردەوە، لێرە بوو کە زانیم پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەیە، ئەو دەیگوت خاڵم لە بەغدا خوێندوویەتی، دیار بوو تازە هاتبووەوە، چونکە دەرچووی ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥ بوو، من کە لە پۆلی شەش بووم، ئەو پەیمانگەی تەواو کردبوو، ئەوانە فێری زۆر شتیان کردم، تابلۆکانی هەمووی تاژی و ئەسپ بوون، چونکە خۆی حەزی لە ڕاو بوو، ئەسپ و تاژی- تانجی هەبوو.

**ڕامان:** من لە نزیکەوە م. حوسێن عەبدوڵڵام دەناسی، ئاگام لێی بوو، زۆر حەزی لە ڕاو بوو، هەندێ لەو تابلۆیانەی لە ماڵەکەی خۆی هەڵواسیبوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** باپیرم و بابم و ئەوانە ئەویان بە باشی دەناسی، بەڵام من منداڵ بووم، نەمدەزانی کێیە، غازی غەفوور بەڕێکەوت گوتی ئەو خاڵەم هەیە و وێنەکێشە، ئەی ناڵێم من لە قوتابخانە وەک وێنەکێش ناسرابووم، بۆیە هەر یەکە شتێکی پێشان دەدام و خۆی پێم دەناساند، دەهاتنە لام و دەیانگوت ڕەسممان بۆ بکە. ئەو وەختی لە ماڵمان چەند تاقێک لە ژوورەکەمان هەبوو، ڕەسمم لە دیوارەکانی ژوورێ دابوو، هەمووم لەسەر کارتۆن کردبوو، ڕەسمەکان ئەکتەری میسری و هیندی بوون.

**ڕامان:** بۆ ئیش کردن لە ماڵی خۆتان، ژووری تایبەتی خۆت نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هەر ژووری ماڵێ بوو، ماوەیەکی زۆر هەر یەک ژوورمان هەبوو، وێنەی فەرید شەوقی و ئەوانی دیم لەسەر کارتۆن دەکرد.

**ڕامان:** تا ئێستا باسی قۆناغی منداڵی و ئەو ژینگەیەت کرد کە تێیدا چاوت کردووەتەوە و پەروەردە بووی، باسی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیمان کرد، ئێمە هێشتا لەو قۆناغەداین و نەچووینەتە سەرووتر، پێش ئەوەی بچینە سەر باسی قۆناغێکی دی و بە وردی باسی بکەین، ئەگەر شتێکت سەبارەت بە منداڵی و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی ماوە، لێرانە باسی بکە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە قۆناغی سەرەتایی، لەوانەیە پۆلی پێنج بووبم، کاتی پشوو بوو، ڕەسمێکم فرۆشت کە ئەوەم پێ خۆش بوو، زۆر کەیفم پێ هات.

**ڕامان:** ڕەسمەکە چی بوو، هەر لەسەر مقەبا دروستت کردبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە پاستیل ڕەسمی کەڵەبابێکم کردبوو، ڕەسمەکە لەسەر تەنەکەی ڕۆن کرابوو، زۆر جوان بوو، بە پاستیل لەسەر کارتۆنێک کردبووم، ئیدی ژنان و منداڵانی کۆڵانەکەمان لێم خڕ بوونەوە، ئەوانە تەماشایان دەکرد، کە دیتییان کەیفیان پێ هات، ژنێک هات گوتی ئەو ڕەسمەم

هەر دەویێ. منیش گوتم بۆخۆم پێم جوانە، لەلای هەڵی دەگرم. گوتی نا، تۆ بیدە بە من، چەندت تێچووە دەتدەمەوە؟ گوتم کارتۆن بە دە فلسە. گوتی ها ئەوە سێ فلست دەدەمێ. سێ فلسی دامێ، کە حەقی سێ کارتۆن دەکا، ڕەسمەکەی برد، ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا ڕەسمم فرۆشتبێ.

**ڕامان:** ئەوە زۆر گرنگە، ئەو پارەیە تامێکی تایبەتی هەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەم پێ گرنگ بوو.

**ڕامان:** سێ فلسەکەت برد کارتۆن و کەرەستەی دیکەت پێ کڕی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، سێ کارتۆنی پێ دەهات، کارتۆنێکی گەورە بوو، درێژییەکەی نزیکی چل و پێنج سانتیمەتر، پانییەکەشی سی و پێنج سانتیمەتر دەبوو.

**ڕامان:** بە فرۆشتنی ئەو تابلۆیە ئەو هەستەت لەلا دروست نەبوو، کە بۆ لەمەولا هەندێ لە کارەکانت بفرۆشی، تا بتوانی باشتر خزمەتی هونەرەکەتی پێ بکەی، بەتایبەتی کارتۆن و ڕەنگ و کەرەستەی ڕەسمی پێ بکڕی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کەس تابلۆی نەدەکڕی، خەڵک هەموو لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون دەیانگوت ئەو تابلۆیەمان بدێ، پاشی چەند ساڵی دی کە قۆناغ گۆڕا و گەورەتر بووم، بۆخۆشم باشتر بووم، گەلێ شتم بۆ خەڵک دەکرد، بەشی زۆریان بە خۆڕایی بوون، زۆر کەس بیری لە پارە، یان دیارییەکت بۆ بینێ نەدەکردەوە.

**ڕامان:** ئەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە کە کورد بە گشتی گرنگی و بایەخی هونەر نازانێ، بەتایبەتی هونەری شێوەکاری.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** باوەڕ بکە ئێستاش هەندێ کەس هەر وایە، پاشان هەندێ شتی دیکەش ڕوویان دا، دیار بوو هەر زۆر نەگۆڕابوون، پاش چەند ساڵێک کە ئیشی دیکەم کرد، دووکانێک بەرانبەر ئۆرزدیباک خاوەنەکەی ناوی (سدیق ڕەباتی)ی خۆشنووس بوو، ساڵی ١٩٧٢ بوو، زەیت و فڵچە و کەرستەی بۆ هێنام، وێنەی دوکتۆرێکی چاوان بوو، بۆ دوکتۆر خالید سەعیدی پسپۆڕی چاو کردم، کە تەواوم کرد گوتی ئەو کەرستەیەی ماوەتەوە بۆ خۆت.

**ڕامان:** ئەی ئیشی قوڕت نەدەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، ئەو کاتەش بە قوڕ ئیشم دەکرد، کە بوومە پۆلی شەش کاری قوڕم باشتر بوو.

**ڕامان:** تۆ پێم بڵێ، لەو سەرەتایانەوە لەلایەن خێزان، دەروردراوسێ، قوتابیان، خەڵکی دیکەوە، گرفت بۆ ئیشە هونەرییەکانت دروست نەدەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەبیرم دێ کە شتێکم بە قوڕ دروست دەکرد، دەمیانترساند، دەیانگوت ئەو پەیکەرانە دەکەی، دەبێ لە ڕۆژی قیامەت ڕوحیان پێ بدەی، بەڵام من هەر ئیشی خۆم دەکرد، هەندێ جار ترسیشم لێ دەنیشت، چونکە دەیانگوت لە قیامەت دەبێ ڕۆحیان بدەیتێ، ئەوجا داپیرم، دایکی دایکم، لە کۆییە کۆنەکانە، بابلباب کۆییە، دەیگوت تۆ ڕەسم بکە، بەڵان ڕەسمی ئادەمیزاد مەکە، ئەوەی بە قوڕ بێ، ئەوە دەبێتە بت و سەنەم، گوناهە، مەیکە. دەیگوت ئەوە بابم ناوی وەستا محەمەد بووە، بۆ مزگەوتی گەورەی کۆیە نەخشی کردووە، تۆش نەخش بکە، قەینا ئەوە گوناه نییە.

**ڕامان:** داپیرت، دایکی دایکت، ئەوە بیرکردنەوەی بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** داپیــرم وای دەگــوت، بــە کۆییانــی، جــار هەبــوو وەک ســلێمانی قســەی دەکرد، بۆ نموونـە دەیگـوت کـەوت، ئێمـە منداڵ بوویـن دەمانگـوت بـۆ دەڵێـی کـەوت، بـۆ ناڵێـی کـەت، نەماندەزانـی زمـان وایـە، ئـەو دەیگـوت بابـم، کـە دەکا باپیری دایکم، وەسـتا محەمـەد نەخشـەکانی بۆ مزگەوتـی گـەورەی کۆیە کـردووە، ئـەو نەخـش و ڕەسـمانە جوانـن، بـەڵام بـت و سـەنەم دروسـت مەکـە.

**ڕامـان:** وا دیـارە باپیـرەی دایکـت وەسـتا — بەننـا بـووە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەننـا بـووە، دەیگـوت ستوونەکانی مزگەوتـی گـەورە، بابـی مـن نەخشـی کـردوون.

**ڕامـان:** نەخشـەکانی مزگەوتـی گـەورەی کۆیـە، ئـەو نەخشـاندوویەتی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵـێ، دەیگـوت تـۆ چیتـر بـە قـوڕ ئەوانـە دروسـت مەکـە، ئـەوە گوناحـە، دوایـی دەبـێ ڕۆحیـان بدەیتـێ، هەنگـێ دەترسـام، ئـەوە بـوو سـازش بـۆ ڕەسـمەکە کـرا، بـۆ ئـەوەی قـوڕ بـۆ پەیکـەر بـەکار نەهێنـم، گوتیـان ڕەسـم باشـترە، قەینـاکا ڕەسـمەکە بکـە، بـەڵام مـن گوێـم نەدەدایـێ، دایـک و بابـم لـەو لایەنـەوە هیـچ قسـەیان نەدەکرد، پێیـان نەدەگوتـم ئەوهـا بکـە و ئەوهـا بکـە، نەدەیانگـوت ئـەوە مەکـە.

**ڕامـان:** لـە بـارەی قۆناغـی سـەرەتایی چـی دیکـەت لەبیـر مـاوە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** ئێسـتا شـتێکی وام بەبیـر نایەتـەوە.

**ڕامـان:** ئەگـەر ڕێگریـی دیکە لـە کارە هونەرییەکانت هەبـێ باسـی بکـە، ڕاسـتییەکەی بـە شـێوەیەکی گشـتی، هونـەر لـە کۆمەڵـی کـوردەواری زۆر جێـی بایـەخ نەبـووە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نازانـم چـۆن لـە خۆمـەوە ڕەسـمم دەکـرد، هاندانەکـە بـەو شـێوەیە نەبـوو، تەنیـا خۆشـییەکەم لـەوەدا دەدیـت کەسـێک لەنـاو هاوڕێیـان، یـان لـە قوتابخانـە بیانزانیبـا خەریکـی هونـەرم، یـان کـە دەمبینـی لـە ماڵـێ ڕێگایـان لـێ نەدەگرتـم، هەمـوو جارێ درێـژ دەبـووم، هـەر لـە ماڵـێ ڕەسـمم دەکـرد، جـار بـووە خانووەکەمـان دڵۆپـەی کـردووە، دڵۆپـە بـەر کاغەزەکـەی مـن دەکـەوت، چونکـە خانووەکەمـان قـوڕ بـوو، بـەڵام هـەر زەوقیشـم هەبـوو ئیـش بکـەم، ئێسـتا بیـر دەکەمـەوە، ئـەو تاقەتـە چ بـوو هەمبـوو.

**ڕامـان:** جێگـەی ئافەریـن و دەستخۆشـییە کـە کۆڵـت نـەداوە و لەسـەر کاری خـۆت بـەردەوام بوویـت.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نازانـم چـۆن بـوو بـەردەوام بـووم، ئەوەنـدە هونـەرم لـەلا خۆشەویسـت بـوو، وامدەزانـی دنیـا هـەر ئەوەیـە، دوایـی کـە گەورەتریش بـووم، بـە تایبەتـی کـە چوومـە دەرێ، ماوەیـەک وامدەزانی دنیـا تەنیـا ڕەسـم کردنـە، دەمگـوت خەڵـک چۆن دەژیـن، یـان دەمگـوت چۆن ڕەسـمیش ناکـەن و دڵیشـیان خۆشـە، نازانـم ئـەو بۆچوونـەم چـاک، یـان خـراپ بـوو، ماوەیـەک بـەوەوە گرتبـووم.

**ڕامـان:** هونـەر لـەلای تـۆ بووەتـە عیشـق و مەسـەلەیەک و چووەتـە نـاو خوێنتـەوە، هەمـوو بیرکردنـەوە و ژیانتـی داگیرکـردووە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** هەنـدێ جـار کـە بیـر لـە خـۆم دەکەمـەوە، هەسـت دەکـەم دنیـا تەنیـا ئەوەیـە، ئێسـتا بابەتەکـەم لـەلا گەورەتـر بـووە، ئـەو قسـانەی دەیانکـەم، ئەوکاتـە لـە قۆناغـی سـەرەتایی دەرچـوو بـووم.

**ڕامـان:** ئـەدی لـە قۆناغـی ناوەنـدی چـی نـوێ هەیـە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** کـە سـاڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨

چوومە ناوەندی، زۆر باشتر بووم، قۆناغ بە قۆناغ باشتر دەبووم، جارێ لەو قۆناغەدا تۆپانێم بەجێ هێشت، تا ڕادەیەکی زۆر، لە دەورووپشتی خۆم و لە قوتابخانەکان ناسرام، خۆشم گەورەتر بووم، زمانی عەرەبیم باشتر بوو، سەردانی کتێبخانەم دەکرد، زۆرم بە زمانی عەرەبی دەخوێندەوە، کتێبی هونەرییان هەبوو.

**ڕامان:** لە خوێندنی ناوەندی، تووشی مامۆستای هونەری باش نەبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە قۆناغی ناوەندی کە بوومە یەک و دوو، مامۆستای باش نەبوو، پێشتر باسم کرد کە چوومە ناوەندی، مامۆستا عەبدولواحید مەرجان لەوێ بوو، بەڵام زوو ڕۆیی، ئەو ڕەسمی دەکرد و مۆسیقای لێ دەدا، بەڵام زوو چووە چالاکیی قوتابخانەکان.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە ساڵانی شەستەکانە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوە هەر ئەو ساڵە بوو کە چوومە ناوەندی.

**ڕامان:** لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب بەردەوام بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەندیی سەلاحەددین، ئەو شوێنە ئێستا بینای ئەنجوومەنی وەزیرانە، لەوێ کتێبخانە هەبوو، هەندێک لە کتێبەکان وەک کتێبی شەکسپیر، کەمیل پیسارۆ، سیزان، بیکاسۆ ناویان لە لیستەکەدا نووسرابوو.

**ڕامان:** کتێبەکانیش هەمووی بە زمانی عەرەبی بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ناوی کتێبەکان نووسرابوون، بەڵام کتێبەکان دیار نەبوون، گوایە ئەو کتێبانە لە کتێبخانەدا هەن، نەمدەزانی کتێبە هونەرییەکان عەرەبی، یان ئینگلیزین، بەڵام چەند جارێک، چوومە لای م. عەبدولواحید مەرجان کە بەرپرسی کتێبخانە بوو، داوام دەکردن و پێم دەگوت ئەو کتێبانەم دەوێ، ئەو هەر دەیگوت ئێ ئێ باشە، هیچم نەدیت، تا دوایی ڕۆیشت.

**ڕامان:** هەر لەو قۆناغەدا بوو خەریکی وەرزش بووی و تۆپانێت دەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەو کاتی تۆپانێشم دەکرد، با لێرە شتێک بگێڕمەوە، ڕۆژێک چوومە دەوام، لە تۆپانێ کۆبوونەوەمان هەبوو، لەگەڵ برادەران ڕێک کەوتین، بچینە ئەو غاباتەی پشت قەریەی زوبات، سەر ڕێی عەنکاوە، لای ئۆردی، منیش دەبوو ئەو ڕۆژە دەوام نەکەم و دەوامەکەمان پاش نیوەڕۆیان بوو، لە قوتابخانەوە ڕۆیشتم، کتێبەکانم بە دەستەوە بوو، ئەوە گوایە دەوام ناکەم و بەرەو غابات دەڕۆیشتم، م. عەبدولواحید مەرجان بەرەو قوتابخانە دەهات، منیش دەمویست خۆم لەو لادەم و نەمبینی، ئەو کاتی منداڵ بووم، وا بیرم دەکردەوە، کە ئەو نەمبینی، چونکە بڕیار بوو لە قوتابخانە ئامادە نەبم، ئەو ناوە چۆڵ بوو، پشت بینایەکەی ئێستای ئەنجوومەنی وەزیران، هەمووی عارد بوو، تۆپانێشمان لێ دەکرد، هەر خۆم لێی لا دا، هەر خۆم لێی لا دا، لەو هەمووو عاردەی، ڕێک سەری خۆم لە دارتێلی (عەموودی کارەبا) دا، سەرم گێژ بوو، هەر چۆنێک بێ چوومە غاباتی، ئەو ڕۆژە دەوامم نەکرد.

**ڕامان:** باشە خۆ خەریک کردن بە وەرزش و فتبۆڵێن لە وێنەکێشان دووری نەدەخستییەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەرێ وەڵڵا، تۆپانێ کاتی منی لە ڕەسم کردن دەگرت، ڕەسم کردنەکە لەلام بە بەهرە و خۆشتر بوو، تاکەکەسی بوو، تۆپانێ گرووپ بوو، کە دەچوومە کۆبوونەوە،

لە کۆبوونـەوە خەڵـک هەبـوو بـاش، هەبـوو خـراپ بـوو، کـە لەگـەڵ خەڵکەکـە تێکـەڵ دەبـووم، مانـدوو دەبـووم، ئیدی لەسـەر ڕەسـمەکە بـەردەوام بـووم و لەگەڵـی ڕۆیشـتم. لـە پۆلـی یـەک و دوو کەرسـتە نەبـوو، هـەر بـۆ خـۆم کارم دەکـرد، دوایـی مامۆسـتا جەلیـل مسـتەفایەکمان بـۆ هـات.

**ڕامان:** م. جەلیل مستەفا لە ناوەندیی سەلاحەددین، مامۆستای منیش بووە، وانەی هونەری پـێ دەگوتین.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بۆچـی تـۆش لـە ناوەنـدی سـەلاحەددین بـووی؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، منیـش هـەر سـێ سـاڵەکەی ناوەندیـم لـەوێ خوێنـد.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لەوانەیـە لـەو کاتانـەدا لـە یەکـدی نزیـک بووبیـن.

**ڕامـان:** ناوەڵـڵا، تـۆ لـە کۆتایـی شەسـتەکان و سـەرەتای حەفتـاکان، مـن لـە دوای تـۆ لـەوێ خوێندوومـە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** ئەهـا، پاشـی مـن چووی. م. جەلیـل مسـتەفا زۆر هانـدەرم بـوو، زۆر قسـەخۆش بـوو، قسـەی خـۆش و نوکتـە و موکتەشـی دەکـرد.

**ڕامـان:** م. جەلیـل مسـتەفا زاوای (م. گیـوی موکریانی)شـە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڕاستە زاوای ئەوە؟

**ڕامان:** بەڵـێ، منیش ئـەوەم نەدەزانی، جارێـک خـۆی بـۆی بـاس کـردم.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** وام زانـی م. گیوی موکریانی کچەکـەی داوەتـە کوڕەکەی، من وا تێگەیشـتبووم.

**ڕامـان:** م. جەلیـل مسـتەفا زاوای بـوو، مامۆسـتا گیـوی موکریانـی کچێکـی (خونچـە) نـاو، خێزانـی ئـەو بـوو، م. جەلیـل مسـتەفاش کچەکـەی خـۆی بـە حاکـم عەبدولباسـیت فەرهـادی داوە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن وام زانیبـوو کچەکـەی داوەتـە کـوڕی گیـوی موکریانـی.

**ڕامـان:** ئـەوە وا نییـە، ئـەوەی پێـم گوتـی، ئـەوە ڕاستە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو کاتـەی کە هاتـە ئەوێ، ئـەو منداڵەکـەی هەبـوو، چالاکیمـان باشـتر بـوو، دەهاتـە وانـەی ڕەسـم، ڕەسـمی جوانـی نەدەکـرد، بڵێـم زۆر شـارەزا بـێ، بـەڵام قسـەی خـۆش بـوو، هانـی دەدام.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتایە زانـی تـۆ خەریکـی ڕەسـم کردنـی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە پـۆل قوتابیـان زوو دەڵێـن کـێ ڕەسـامە و کـێ چییـە، هـەر زوو باسـی منیـان بـۆ کـرد، مـن لـە ژیانمـدا قـەت نەمگوتییـە ڕەسـامم و وێنـە دەکێشـم، بـەڵام قوتابیـان پێشکەشـی مامۆسـتات دەکـەن، دوایـی وەک دەڵێـن، زمانـت دەبێتـەوە، گوتـی ئـێ باشـە، تـۆ ڕەسـم دەکـەی؟ ئیشـەکانت بێنـە بـا بیانبینـم، کـە کارەکانـم بـۆی بـرد، گوتـی تـۆ لـە مـن باشـتری، بەڕاسـتی زۆر هانـی دام، بـە هـەر چ جۆرێـک بـێ، قسـەکانی خـۆش بـوون، کلیلـی ژووری وێنەکێشـان، مەڕسـەم، ستۆدیۆی دامـێ، سەربەسـتی تـەواوی پـێ دابـووم.

**ڕامـان:** لـە قوتابخانەکـەدا چەنـد کەسـی دی هەبـوون وەک تـۆ حەزیـان لـە هونـەر بـێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەوانـەی لـە دەوروپشـتی مـن بـوون، یـەک دوو کـەس هەبـوو، دەیانویسـت فێـر بـن، وەک مـن نەبـوون، بـەڵام ئەوانیـش حەزیـان لـە هونـەر بـوو.